

# کۆبانێ

## وەچەرخانێک لە مێژووی بەرخودانی کورد

ئاری عەبدوڵڵا

# کۆبانێ

## وەچەرخانێک لە مێژووی بەرخودانی کورد

ئـاری عەبدوڵڵا

هەولێر ٢٠١٤

لەبڵاوكراوەكانی دەزگاری راگەیاندنی (ستاندەر)

- **كۆبانێ وەچەرخانێك لە مێژووی بەرخودانی كورد**
- نووسینی : ئـــاری عـەبدوڵڵا
- نەخشەسازی ناوەوە : مستەفا فارس فاضل
- ساڵی چاپی ئەلیكترۆنی: ٢٠١٤ - چاپ یەكەم - هەولێر

زنجیرەی كتێب (١٥)

دەزگای راگەیاندنی ستاندەر

٢٠١٤

ماڵپەڕ: www.skurd.net

ئیمەیڵ: info@skurd.net

# ناوەڕۆک


١. **دەروازە**........ ١

٢. **کۆبانێ**........ ٣

٣. **کانتۆنی کۆبانێ**........ ٤

٤. **هەوڵە دیبلۆماسییەکان**........ ٥

٥. **هەڕەشەکانی (پ.ك.ك)**........ ٧

٦. **هەڵویستی تورکیا**........ ١٠

- گۆڕانی هەلوێستی تورکیا بەرامبەر کۆبانی:........ ١٦
- کەوتنی کۆبانێ و پرۆسەی ئاشتی:........ ١٦

٧. **هەڵوێستی ئەمریکا**........ ١٩

- هەڵـوێستی هاوپەیمانان بەرامبەر کورد:........ ٢٤

٨. **کاردانەوەی هەرێمی کوردستان**........ ٢٦

٩. **ستراتیژیەتی کۆبانێ بۆ داعش**........ ٣٢

١٠. **بەرخودانی شەڕی کۆبانێ**........ ٣٤

- گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە شەڕی کۆبانێ:........ ٣٣
- پێگەی ژنان لە شەڕی کۆبانێ:........ ٤٣

١١. **رێککەوتنی حزبەکانی رۆژئاوا**........ ٤٦

- رێککەوتننامەی دهـۆك:........ ٤٦

١٢. **دەرئەنجام**........ ٥٠

١٣. **پەڕاوێـــز**........ ٥١

١٤. **وێـــنەکان**........ ٥٢

**بەناوی خوا**

## كۆبـــانێ
## وەچەرخانێك لە مێژووی بەرخودانی كورد

# دەروازە

لە ساتە وەختی سەرهەڵدانی بەرخودانی كوردانی رۆژئاوای كوردستان لەلایەن نەیارەكانیانەوە بەرهەڵستی كراون، وڵاتە ئیقلمییەكان بەتایبەتی توركیا ئۆقرەی لێهەڵگیرا بەبیستنی سەربەخۆیی رۆژئاوا، لەو ساوە پیلانگێڕییەكان بۆ خستنی ئەزموونەكە دەستی پێكرد، هێرشەكانی چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەشێكە لەو پیلانگێڕییە.

لە بەرواری ١٥ی ئەیلولی ٢٠١٤ چەكدارانی داعش بە چڕی هێرشی سەر (كۆبانێ)یان دەستپێكرد، بەرخودانی كۆبانێ بەو كەمە چەكە كۆنە جیهانی سەرسام كرد، دوای تێپەڕبونی نزیكەی مانگێك لە گەمارۆی شارەكە لەلایەن چەكدارانی داعش، نزیكەی (٢٠٠) هەزار خەڵكی سڤیلی شارەكەیان چۆڵكرد.

بەرخودانی كوڕگەل و كچگەلی كۆبانێ هەموو جیهانی سەرسام كرد، كۆبانێ هەستی كوردایەتی لە هەرچوارپارچەی كوردستان بوژاندەوە، روحی بەبەر هەستی كوردایەتی و ئینتما بۆ نیشتمان بەخشیەوە، خۆپیشاندانی كوردان پایتەخی وڵاتانی هەژاند، دەیان قوربنیان لەو پێناوەدا. كۆبانێ ڕەشەبایەكەی دەچوە كۆشكی سپی، تورەبونی كوردانی كوردستان و تاراوگە كۆمەڵی نێودەوڵەتی بەئاگا هێنایەوە.

مێژوو پڕ سەروەری گەلی كورد گەواهی ئەوە دەدات كە لەگەڵا ئەو هەموو پەلامارە ناڕەوا و شاڵاوە لەناوبردنانەی بەسەریاندا هاتووەو تاكو ئێستایش بەسەریاندا دەبارێت، رەگەزی رەسەنایەتیان

ئەوەندە قووڵا و پتەوە کە زۆر نەبەردانە و جوامێرانە بەڕووی ئەو نەهامەتییانەدا خۆراگربین و خۆیان رزگاربکەین.

"گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوبێتەوە" ئەم پەندە بۆ ئەو پەرییە شنگشێر و پێشمەرگە نەترسانە لە خانمان و جۆمەردانی کورد وتراوە کە زۆر سەرسەختانە و نەبەردانە لە مەیدانی جەنگێکی سەپێنراودا زۆر بەتوندی و پتەوی لەسەر رەگی زۆرناخی هەرگیز لەبن نەهاتوویاندا. بەڕووی درندەترین و نەگریسترین و خوێنرێژترین و کەللە پوچترین داگیرکەر راوەستاون.

بەرلە چوار هەزار ساڵا پاشای ئەکەدی (نیرام سین) باوانە میدییەکانمانی ناو نابوو ئوممان ماندە **Ummanmande** واتە (هێزی بەسام) . گەیدەی ئەرمەنی ئابوڤیان دەڵێت:"دەتوانین بە هەموو مانایەك بە کورد بڵێین بەڕاستی سوارچاکی خۆرهەڵاتن". هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گەریدەی ئەرمەنی (ئارشاك سافرستیان) دەبێتە میوانی (مستۆ ئەحمەد) کەیەکێکبووە لە سەرۆك خێلە یەکگرتووەکانی کورد لە ناوچەی بۆتان. لە شەرێکیدا، مستۆ ئاغا وا بە ئارشاك دەڵێت:"بڕوانە، ئەو شۆڕەسوارە بەهەڵپانە، هیچ ترس و زۆرلێکردنێك نازانن. بڕوانە، ئەمانە ئەوەندە بەگوژمن بەسەر چیادا، کەس لەبەریاندا خۆی ناگرێت. بەیارمەتی خوا و ئەو پیاوانە دەتوانین رووبەڕووی جیهانیش ببینەوە هیچ نەتەوەیەك نییە بتوانێت تا سەر بەرهەڵستیمان بکات". بەڵێ کورد ئاوەهان بنج و بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵا.

جلال الدین سیوطی لە کتێبی (حسن المحاضره) دەڵێ:"جعل الغیره عشرة أجزاء، فتسعه منها فی الکرد وواحد فی سائر الناس". لە نێو دووتوێی کتێبەکان گەلێك داستان و بەرخودان و قارەمانیەتی ئەو گەلە تۆمارکراون، بەرخودانی کۆبانی سەلمێنەری ئەو راستییە کە ئازاتی و نەبەردی کورد تەنها قسەی نێو کتێبەکان نییە، بەڵکو ئەو حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە.

نارین عەفرین لە بارەی بەرخوادنی کۆبانێ دەڵێ، پەلاماری گروپی تیرۆرستی داعش بۆ سەر کۆبانێ بەرنامە بۆ دارێژراو ئامانجی گەورەی دەرەکی لەپشتەوە بووە، بەڵام بەرخودانو خورۆشانی جەماوەریو پشتیوانیکردنی خەڵك لەهێزەکانی پاراستنی گەل و وەڵامدانەوەی تیرۆرستان لەلایەن هێزەکانمانەوە بێ وێنە بووە، بەڵام فەلسەفەو ئەزموونی رێگای رزگاریخوازی کوردستان لەمێژووی رابردوودا لەپشتی ئەم بەرگریەوە بووە.

# کـۆبـانی

کوبانی شارۆچکەیەکە لە خۆرئاوای کوردستان، هاوسنورە لەگەڵ باکوری کورستان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی روباری فورات، لەو جێگایەی کە خاکی باکوری کوردستان لە تورکیا بەجێ دەهێڵێت و دێتە سنوری رۆژئاواو کورستان.

بایەخی مێژوویی کۆبانێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتی ئارامی ئاشووری. ناوی (کوبانی) هەندێك پێیانوایە ناوی کۆمپانیایەکی ئەڵمانیە کە هێڵی ئاسنی لە ناوچەیەکەدا ئەنجامداوە، بۆچوونی دیکە پێیانوایە لە یەکگرتنی ناوی هۆزەکانی ئەو ناوچەیەوە هاتووە دژی ئەو مەترسیانەی رووی تێکردبوون لە دوو ووشەی (کوم، بانی)، بەڵام عەرەبەکان بە (عين العرب) ناویان هێناوە. چەکدارانی داعش لەگەڵا نزیکبونەوەیان لە دەروازەکانی شاری کۆبانێ لای خۆیان ناوی شارەکەیان گۆڕی بۆ (عين الاسلام). لە رووی کارگێڕییەوە (کوبانی) قەزایەکی سەر بە پارێزگای (حەڵەب)ە و (١٦٠ کم) لە باکوری رۆژهەڵاتی ئەو شارەوە دوورە. (٣٠) کیلۆمەتر دەکەوێتە رۆژهەڵاتی روباری فوراتەوە.

کۆبانێ ژمارەی دانیشتووانی ٤٦٠ هەزار کەس دەبێت، بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٤)، بەڵام تەواوی دانیشتوانی قەزاکە لە (٣٠٠) هەزار تێپەڕ دەکات، کە دابەش بوون بەسەر دوو ناحیە (صرین و شیوخ) و (٤٤٠) گوندە، تەواوی ئەو دانیشتووانە کوردن تەنها چەند هۆزێکی کەم نەبێت کە لە زووەوە بە بۆنەی کاری فەرمانبەرییەوە لەوێ نیشتەجێ کراون، لە ئێستادا ئەوانیش ئاوێتەی کوردەکان بوون و بە کوردی دەدوێن، بەتایبەت ئەوانەی لەدایکبووی ناچەکەن، ژمارەیەك ئەرمەنیش لەو شارەدا دەژین. زۆربەی هاوڵاتیانی سەرقاڵی کشتوکاڵن بەتایبەت (گەنمو جۆو لۆکە). دوای روداوەکانی بەهاری ٢٠١٢ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی حەلەبو شامو حومس کۆچیانکردوە بۆ کۆبانی.

# کـانتۆنی کـۆبانـێ

لە ٢٧ی ١ـی ٢٠١٤ کانتۆنی کوبانی راگەیەندراو ئەنجوومەنی یاسادانانی کانتۆنەکە کۆبووەوەو دوای راگەیاندنی ناوی سەرۆك‌و وەزیرەکانی کانتۆنەکە، لە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان سوێندی یاساییان خوارد. هەر لەو رێورەسمەدا (ئەنوەر موسلیم) وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی کانتۆنی کۆبانی سوێندی یاسایی خواردو ئاڵایەکی تایبەت بە کانتۆنی کۆبانی ئامادەکراوە.

کۆبانێ دەکەوێتە ناوەندی ئەو سێ کانتۆنەدایە کە لەلایەن هێزی (پەیەدە)وە دروست کراوە، هەروەها مەملەکەتی (ساڵح موسلیم) سەرۆکی (پەیەدە)شە. جیاواز لە دوو کانتۆنەکەی دیکەی رۆژئاوا، کۆبانێ تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە.

(عەبدوڵا ئۆجەلان) رۆژئاوای وەك زەمینەیەکی لەبار بۆ بەدیهێنانی دروشمی "ئازادی دیموکراتی" ناوەزەدکرد. شۆڕشی رۆژئاوا لە تەمموزی ٢٠١٢ دا سەرەتا لە کۆبانێ سەری هەڵدا. هەروەها بایەخی زۆری هەیە بەو پێیەی هێما بوو بۆ یەکەم شوێن، تاوەکو کاریگەری ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی تێدا دەرکەوێت، کە لە رێگای هێرشە ئاسمانییەکانەوە کرایە سەر فراوانخوازی داعش لە وڵاتی سوریا.

دەوڵەتی ئیسلامی قورساییەکی زۆری خستە سەر کۆبانێ بەردەوام هێزی زیاتری دەهێنایە کۆبانێ، فەرماندەی هێزەکانی یەپەگەو یەپەژە لەبارەی ئەوەی کە داعش هێزی زیاتری بۆ کۆبانێ هێناوە دەڵێت: ئەوە شتێکی بەردەوامە دەرئەنجامی لەناوچوونی هێزێك ئەوە هێزێکی تر دەخەنە شوێنی، بۆ نموونە لە شەڕەکانی ئەم دواییەدا بەهۆی لەناو چوونی هێزێکیان، تیرۆرستان هێزێکی تریان هێنابوون کە زۆرینەیان بیانی بوون‌و خرابوونە شوێنی هێزێك کە زۆرینەی تیرۆرستەکانی عەرەب بوون.

# هەوڵــە دیبلۆماسییەکان

بەتێپەڕبوونی کات گەمارۆی سەر کۆبانێ چڕتردەبوە، مۆڕاڵی شەڕڤانان لەئاستێکی باڵا دابوو، بەڵام ئاستی چەکەکانیان سنوردار و کۆن بوو بەبەراوردا بە جبەخانەکانی داعش، لەسەرتادا هەوڵێکی زۆر لەگەڵا تورکیا درا بۆ ئەوەی یارمەتی شەڕڤانان بدات، کەچی ئەنجامێکی نەبوو، هەر بۆیە  ساڵح موسلیم رایگەیاند: زۆربەی وڵاتانی جیهانیان لە دۆخی کوبانێ ئاگادار کردوەتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە، تەنیا چەکیان دەوێت، تەنانەت بە پارەش پێیان نافرۆشن، بۆیە جەختی کردەوە، کە پیلانگێڕی و گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی لە دژی کوبانێ بەڕێوەدەچێت.

لە کۆبونەوەی سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە لەگەڵا ئەحمەد داوود ئۆغڵو سەرۆك وەزیرانی تورکیا داوای لە حکوومەتی تورکیا کرد، هاوکاریی کوردانی رۆژئاوا بکات، بەر لە کەوتنی کۆبانی بگرێ و نەهێڵێ بکەوێتە دەست دەوڵەتی ئیسلامی (داعش). لە بەرامبەردا ئەحمەد داوودئۆغڵو بە دەمیرتاشی راگەیاندبوو خۆی لە پەکەکە دوور بگرێ و بە ڕوونی بەرهەڵستیی خۆی بەرانبەر بە ڕژێمی (بەشار ئەسەد) ڕابگەیەنێت، لە بەرانبەرشدا تورکیا هاوکاریی لۆجیستیکی، دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) پێشکەش دەکات.

هەروەها ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) لە ڕێکەوتی ٤ی ١٠ی ٢٠١٤ سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، دەربارەی بارودۆخی کۆبانی  دانوستانی لەگەڵا دەزگای هەواڵگریی تورکیادا کردبوو. بەپێی

زانیاری ئاژانسە هەواڵییە تورکییەکان لە کۆبونەوەی ساڵح موسلیم  لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی تورکیا(میت)دا ، مسلیم داوایکردوە تورکیا ڕێ نەگرێت لە پڕچەککردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاوە و هاوکات ڕێ لە کوردانی باکور ناگرێت، کە دەیانەوێت دژی داعش هاوکاری شەڕڤانانی یەپەگە بکەن لە کۆبانێ. بەرپرسانی میتی تورکیا بە موسلیم یان راگەیاندووە، بچێتە نێو ئۆپۆزسیۆنی میانڕۆی سووریاو دژی ئەسەد بوەستنەوە. پەیەدە خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) بەدوور بگرێت. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئیدارە خۆجێییەکانی رۆژئاوای کوردستان (مەبەست سێ کانتۆنەکە).

لەلایەکی دیکەوە تورکیا بە ساڵح موسلیمی گوتووە کە ئەوان ئامادەن هێز بنێرن بۆ ئەوەی کۆبانێ بپارێزن ، بەڵام هاوسەرۆکی پەیەدە ئەو داوایەی رەتکردووەتەوەو لە بەرامبەردا داوایکردووە، کە تورکیا چەك بداتە شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە کە لەبەرامبەر داعشدا شەڕ دەکەن لە کۆبانێ، نەك سوپای تورکیا بچێتە کۆبانێ.

ساڵح موسلیم رایگەیاند: زۆربەی وڵاتانی جیهانیان لە دۆخی کوبانێ ئاگادار کردوەتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە، تەنیا چەکیان دەوێت، تەنانەت بە پارەش پێیان نافرۆشن، بۆیە جەختی کردەوە، کە پیلانگێڕی و گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی لە دژی کوبانێ بەڕێوەدەچێت.گەلی کورد رووبەرووی کۆمەڵکوژی گەورە بووەتەوە و جیهانیش لەوە بێدەنگە .هەروەها رایگەیاند بەرپرسانی تورکیا بەلێنەکانی خۆیان بردەسەر کە هەڵویست وەرگرن بۆ کەوتنی کۆبانێ.

# هـــەرەشــەکانی پەکەکە

بەرپرسانی پەکەکە بەتوندی حکومەتی تورکیایان تۆمەتباردەکرد بەیارمەتیدانی داعش، پێیانوابوو، ئەوەی هاوکاری داعش دەکات و چەك و بوێری پێدەدا دەوڵەتی تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ لە رۆژئاوای کوردستان دەستکەوت و هێزی کورد لەناو بەرێت.

مەرجی ئەنقەرە بۆ بەشداریکردن لە هاوپەیمانیەتی شەڕی دژی دوڵەتی ئیسلامی (داعش) خۆی لەسێ خاڵدەبینەیەوە:

**یەکەم:**ناوچەی دژەفڕین ڕادەگەیەنین.

**دووەم:** بنیاتنانی ناوچەیەکی ئەمنی لەسەر خاکی سوریا

**سێهەم:** چۆن و کێن ئەوانەی ئەو قۆناغەیان لەگەڵدا بەڕێوە دەبەین، واتا ئەو هێزانەی لەگەڵماندا دەجەنگن لە ناوچەکە.

ئەنقەرە دەیەوێت لەو ڕێیەوە بەرامبەرەکانی بخاتە ناو گێژاوەوە. چونکە هەم (ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین)و هەم (پێکهێنانی ناوچەی ئەمنی لەسەر خاکی سوریا) هەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ەوە داواکاری تورکیا بوون بە ئێستاشەوە.

جەمیل بایك هاوسەرۆکی (**KCK**) لە یەکێك لە دیمانەکانیدا رایگەیاند، شەڕ لە کۆبانێ بەردەوامە، ئەوەی هاوکاری داعش دەکات و چەك و بوێری پێدەدا دەوڵەتی تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا نەك تەنیا لە باکور، بەڵکو دەیەوێ لە رۆژئاوای کوردستانیش دەستکەوت و هێزی کورد لەناو بەرێ. دەوڵەتی تورکیا داعشی بەڕێکرد بۆ سەر کۆبانێ، دەیەوێ کۆبانێ بێ مرۆڤ بهێڵێ، بەدەستی داعش تانك و تۆپ بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوە دەرگای خۆی کردووەتەوە و بە گەلی وت وەرن. ئەوە راستییەکەیە دەوڵەت بەم رێگەیە دەیەوێ بە رای گشتی بڵێ کە پێویستیم بە هاوکاری هەیە بۆ ئەوەشە دەڵێ دەبێ هەرێمی قەدەغە کراو رابگەیەندرێ. مەبەستی ئەو هەرێمی رۆژئاوای کوردستانە. بایك هەرەشەی کرد، ئەگەر تورکیا ئەو فشار و هەڕەشانەی خۆی بەردەوام بکات وەڵامدانەوەکانیش هەر بەردەوام بێ و ئەو وەڵامانەش هەر گەورەتر دەبن.

لەلایەکی دیکەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی **HDP** هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر هێرشی سەر کۆبانێ بەردەوامبێت پرۆسە ئاشتی تێکدەچێت. کۆبانێ و پرۆسەی چارەسەری پەیوەستن بەیەکەوە و لەیەکتر جیاناکرێنەوە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئۆجەلان رایدەگەیەنێت، داعش رێکخراوێکی دروستکراوە بۆ وڵات، حکومەت، ئەو کەس و لایەنانەی کە پشتیوانی لە داعش دەکەن، دەبێتە کێشەیەکی مەزن. پرۆسەی چارەسەر بەم شێوەیە بەردەوام نابێت، تاوەکو ١٥ی تشرینی یەکەم چاوەڕێ دەکەین.

هێرشەکان بۆ سەر کۆبانێ بەردەوامبوو حکومەتی تورکیا نەهاتە دەنگ، هەربۆیە پەکەکە لە دوا فشاری هانی گەلی کوردیدا برژێنە سەر شەقامەکان لە کوردستانو ئەوروپا، هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری **KCK** بانگەوازی لە تەواوی گەلی کورد کرد کە لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆسەر رۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی کۆبانێ، بە ملیۆنان کەس برژێنە شەقامەکان، لە باکوری کوردستان و ئەوروپا لە هیچ جێگایەك دەرفەتی ژیانیان پێ نەدەن. تەواوی شەقام و مەیدانەکان بکەنە مەیدانی تێکۆشان. لە باکوری کوردستان خۆپیشاندانەکان زۆر بەتوندی وەڵامدرانەوە لەلایەن سوپای تورکیا بە تێپەڕبونی چەند رۆژێك بەسەر خۆپیشاندانەکان کە زۆربەی شارە کوردیەکانی گرتەوە دەیان کەس شەهیدبون و سەدانی دیکە بریندابون.

پرۆسەی ئاشتی دوای بەرواری ١٥ـی ئەیلول چووە ئاستێکی نوێوە ئەمەش لەکاتێکدایە کە مۆڵەتەکەی ئۆجەلان بۆ تورکیا لەو رۆژەدا کۆتایی پێهات. ئۆجەلان هاتەوە دەنگ رایگەیاند، ئەم قۆناغە پێویستی بە بڕوابوون بە ئاشتی و دیموکراسیە و دەبێت هەنگاوی سیاسی جدی بنرێت،کە تا ئێستا چانسی چارەسەرێکی گەردوونیمان هەیە و ئەگەر ئێمە ئەم قۆناغە سەرنەخەین، ئەوا ناوچەکانمان دەبێتە ئامانجی ئەو هێزانە کە خۆیان وەك ناوەند دەبینن. دەبێت لە ئەمڕۆوە هەموو دەزگا و پێکهاتەکان بە سیاسەتی دیموکراتی و ئاشتی و چارەسەری بە بەرپرسیاریەوە هەڵسوکەوت بکەن و پێویستە وانە لەو رووداوانە وەربگرن کە روویانداوەو پەلە بکەن لە هەوڵدان بۆ دانوستاندن، بۆیە دەبێت یاسایەکی گونجاو دەربکرێت بۆ ئەوەی قۆناغی ئێستا نەکەوێتە بەر کودەتایەکی ریشەیی و لەناونەبرێت.

جەمیل بایك، هاوسەرۆكی كۆنسەی بەڕێوەبەری كۆما جڤاكێن كوردستان(**KCK**)، لە دیدارێكی دا لە گەل رۆژنامەی دەرستاندارد (**Der Standard**)ی نەمسایی، رایگەیاند، بەو پشتگیریەی كە توركیا لە داعشی دەكات، شەڕی لە بەرامبەر كورد سەخت كردووە، یەكینەكانی تایبەتی تورك لەگەڵا داعش كار دەكەن، لە باشوری كوردستان هەرێمێكی ئۆتۆنۆم دامەزراوە و، ئیستاش نۆرەی رۆژئاوایە ، دوای ئەو دوو هەرێمە نۆرەی توركیایە. توركیاش بە تەواوی دەرفەتەكانی خۆی دەیەوێت رێ لە پێگەی كورد بگرێت و، سیستەمی رۆژئاوا تێكبدات، بۆ ئەوەش داعش بەكاردینێ، توركیا بەهۆی داعش دەیەوێت كاریگەری خۆی لەسەر رۆژهەلاتی ناوەڕست بەهێزتر بكات. بۆ ئەوەش دەیەوێ كورد بكاتە قوربانی.

ئەوەشی خستە ڕوو، ئەردۆگان سەرەتا ویستی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و داعش لە دژی یەپەگە و یەپەژە و پەكەكەش بەكاربینێت، بەڵام ئەمەریكا ئەوەی پەسەند نەكرد، پشتگیری لە یەپەگە كرد، توركیا تاكتیكی خۆی گۆڕی و لەسەر گوشاری ئەمەریكا و ئەوروپا وەك پارچەیەك لە هێزی نێودەوڵەتی مۆلەتی دا بە پێشمەرگە و گروپێك لە ئەرتەشی ئازادی سوری بچنە كۆبانێ. هاوكاری چەكی ئەمەریكا بۆ هێزەكانی یەپەگە وەك تێكشكانێكی دیبلۆماسی و سیاسیی توركیا وایە، لە نیوان ئامانجەكانی (ئەمەریكاو ئەوروپا و توركیا)دا ناكۆكی جدی هەیە، ئەمەریكا و ئەوروپا داعش وەك دوژمنی مرۆڤایەتی دەبینن، لە دژی شەڕ دەكەن، بەڵام توركیا پشتگیری لە داعش دەكات، توركیا بۆ ئەمەریكا و ئەوروپا بۆتە كێشەیەكی جدی.

# هەڵـویستی تـــورکیا

ستراتیژی کۆن و ئێستای ئەنقەرە، سەرکەوتنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە هەڕەشە بۆ ئایندەی وڵاتەکەی لێکداوەتەوە. کاتی خۆی کە (پەیەدە) ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە رۆژئاوا، داود ئۆغلو (سەرۆك وەزیرانی تورکیا) کە ئەوکات وەزیری دەرەوە بوو، گوتی: رێگەنادەین ئەو هەوڵەی پەیەدە هەروا بەئاسانی بەسەرا تێپەرێ. لەوبارەیەوە چی پێویست بکات دەیکەین. پێکهێنانی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو هەرێمی کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، تورکیا هەر زوو کەوتە دژایەتی ئەو کانتۆنانەو بەردەوام هەوڵی رووخاندنو لەناوبردنی ئەو کانتۆنانەی دەدا. داعش لەهێرشکردنیان بۆ سەر هەرێمی کۆبانێ یەکێك لە ئامانجە شاراوەکانی هێنانەدی ئامانجەکانی تورکیایە، تورکیاش تەنها ئامانجی ئەوەی هەیە ئەو کانتۆنانە لەناو ببات، چونکە ئەگەر بەردەوام بن، ئەنقەر وای دەبینێ دەسەڵاتی نەیارانی تورکیا بەتایبەت حیزبە کوردییەکانی رۆژئاوا و باکوور لەو ناوچەیە باڵادەست دەبێتو لەداهاتوودا دەبنە مەترسی بۆ سەر تورکیا. هەر بۆیە لە ئێستادا تورکیا هاوکاری لۆجستی و سەربازی چەکدارانی داعش دەکات، ئامادەنییە دژایەتی ئەو گرووپە تیرۆرستییە بکات.

دوای شۆڕشی بەهاری عەرەبی تورکیا هەڵپەی خەونی سەرکردایەتی ناوچەکەی لەلا کەڵکەلەبوو. بە تایبەتی پارتی دادو گەشەپێدان خەون بۆ گەڕانەوە سنوری دەسەڵاتی عوسمانی داوەو هەوڵێکی بێوچانیان داوە ببێتە نمایندەی سوننەو، تورکیا واهەستدەکات سنوری فەرمانڕەوای لە بەرامبەر ئێرانی سەفەویدا پاشەکشەی کردوە، ئەگەر گروپی ئەردۆگانی وێنای ئەوە بکات کە ڕوخانی بنەماکانی ئەتاتورك وەك وێنەی ڕوخانی شا دێت و دەتوانێت ولایەتەکانی وەربگرێتەوە.

شرۆڤەکاران پێیانوایە، تورکیا ئێستا بۆتە ناوەندی بەریەککەوتنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەکەوە دەیەوێت وەك وڵاتێکی ئیسلامی بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە، ئەیەوێت لە ناوەندی تورکیادا سستمی دیموکراسی بە دیدێکی ئیسلامیانەی تازەگەرییەوە بمێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت لە رێی داعشەوە بگەڕێتەوە بۆ سنوری فەرمانڕەوای عوسمانی و سعودیە و قەتەر هەتا میسر ببێتە فەرمانڕەوای خۆی، لە لایەکەوە دەیەوێت نمایندەی ئیسلامی سونی بکات، وەك جەمسەرێك بەرامبەر بە ئێرانی شیعی سەفەوی، خۆ ئەگەر ئێران توانیبێتی لە لبنانەوە تا حوسیەکان

و تا عەلەویەكان و لەولاشەوە لە كشمیرەوە تا پاكستان و هەتا ئازباینجانیش دەسەڵاتی هەبێت، ئەوا بۆ توركیا زەحمەتە لاسای ئێران بكاتەوە، چونكە تا ئێستا گروپێكی توندڕەوی شیعە دروست نەبوە سنوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببڕێت و لە ئەوروپا و ئەمریكا هەڕشەی قورس بێت بۆیان، بەڵام سونەی توندڕەو هەر لە قاعیدە وە تا داعش و تا گروپی خوراسانیش . هەڕەشەی توندن بۆ ئەوروپا و ئەمریكا ، بۆیە ئەگەر ئێران نمایندەی جەمسەری ڕوسی بێت، ئەوا توركیا جگە لە قوڵایی ستراتیژی و هەڵكەوتەی جوگرافی و دەروازەیەكی گرنگی ئابوری دنیا، ناتوانێت ببێتە ئەو وڵاتەی كە تەواوی سونەكانی دنیا لە ژێر چەتری خۆیدا كۆبكاتەوە و ڕاستەوخۆ هەڕەشە نەبێت بۆ ئەمریكا و ئەووڕپا ، بۆیە خەونی توركیا زۆر زەحمەتە بۆ گەڕانەوە بۆ سنوری دەسەڵاتی عوسمانی.

بەهۆی سیاسەتەكانی ئەو دواییەی بەتایبەتی بەرامبەر داعش و هێنانەوەی ٤٩ دیپلۆماتەكەی لە شاری موسڵا، توركیا گۆشەگیری كراو دۆستەكانی لە دنیا وەك گەڵای دار وەرین ئەو هەیبەت وشكۆیەی جارانی نەما، هەروەك بینرا هەڕەشەیەكی ڕاستەوخۆ بۆ سەر سەقامگیری سیاسەتی دەرەوەی توركیا بە تایبەت دوای ئەوەی توركیا سیاسەتی سەرنەكەوتووی (سیاسەتی بێ كێشە - **Zero Problem Policy** ) ڕاگەیاند. بەتایبەتی كاتێك شكستی توركیا لەسەر ئاستی جیهان دەركەوت، كە بەرپرسانی تورك دڵنیابوون كە كورسیەكە بەدەستدێنن لە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان وەك ئەندام بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا، وڵاتانی جیهان دەنگیان بە ئیسپانیا و نیوزلەندا دا، ئەنجامێك كە سەری توركیای شۆڕ كرد و ئەوەش وەك زلەیەك لە ئەردۆگان بوو كە سێ یان چوار مانگ زیاتر نەبوو، ببووە سەرۆك كۆمار.

خواستی توركیا لە كۆنترۆڵكردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن داعشەوە ناكرێت نادیدە بگیرێت و دەیویست لەو ڕێگەیەوە چەند ئامانجێك بەدەستبهێنێت، لەوانە دانانی بەربەستێك لەبەردەم كورد لە ڕۆژئاوا بۆ پێكهێنانی هەرێمێك هاوشێوەی هەرێمی كوردستان، ڕێگریكردن لەهەر پەیوەندییەكی پەكەكەو یەپەگەو ئاسان بوونی هاتن و چونیان لەنێوان قەندیل و ڕۆژئاوا. كێشەی گەورەی توركیا ئەوەیە هەوڵیدەدا بەشێك لە خاكی سوریا داگیر بكات و هەر بۆیەش داوای ناوچەی دژە فڕین دەكرد چونكە بە هەبوونی لەشكری توركیا، دەتوانێت بەرنامەكانی خۆی لە داهاتو دابڕێژیت و هەم دژایەتی (پەكەكە و یەپەگە)ش بكات بەڵام خۆنیشاندانەكانی شارەكانی باكوری كوردستان و بەرنگاری قارەمانانەی كۆبانی بەرنامەكەی لێ تێكدا.

خاڵێکی دیکەش کە بۆ تورکیا گرنگی تایبەتی هەیە بەتایبەت دژی رژێمەکەی ئەسەد، پاش داگیرکردنی کۆبانی لەلایەن داعشەوە، شەرعیەت بە تورکیا دەداتەوە بۆ رەوانەکردنی هێزی پیادە بۆ کۆبانی بەبیانوی لەناوبردنی داعش و دواتر دروستکردنی فشار بۆ سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین لەو شارانەی دەکەونە سەر سنوری سوریا لەگەڵ تورکیا، کە ئەمەش ئامانجێکی سەرەکی تورکیایەو بەرامبەر رژێمەکەی ئەسەدو هەوڵدان بۆ روخاندنی.

حکومەتی تورکیا بە هاوسێیەتی گروپی داعش ئاسودەترە وەك لە کانتۆنەکانی یەپەگە، هەرگیز بەچاوێکی باشەوە تەماشای سەربەخۆیی رۆژئاوای لەلایەن (پەیەدە)وە نەکردووە. هەر بۆیە داگیرساندنی گڵۆپی سەوز لەلایەن ئەنقەرەوە بۆ (گروپە سەلەفییە چەکدارە توندڕەوەکان) تەنها مەبەست لێی شەڕکردن نییە لەگەڵا ئەسەد بەوپێیەی کە ئەوە بۆ تورکیا پێویستییەکی ئەوتۆ نەبووە. بەڵکو بۆ ئەوەبووە تا لەدژی (پەیەدە) بجەنگن کە لەقوڵایی سنوورەکانی تورکیادا هێزێکی کوردی بەهێزی پێکهێناوە، بێ گومان ئەو هێزانەش کە لەدژی پەیەدە شەڕ دەکەن، بۆ ئەنقەرە هیچ جیاوازیەکی نییە با لە ژێر هەر ناوێکدا بن (ئەلنوسرا ، ئەحرار-ئەلشام و داعش ... هتد) . ئەنقەرە لەپێناو لەناوبردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لە رۆژئاوا چاوی لەو گروپە سەلەفییە چەکدارە توندڕەوەکان نوقاندووە.

هەرچەندە تورکیا نەیدەتوانی درێژە بەو رۆڵەی خۆی بدات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تۆمەتباربکرێ بەیامەتیدەری داعش، هەوڵی مەکیاژکردنی سیاسەتەکەی دەدا تاوەکو فۆکسی تۆمەتباریەکەی لەسەر لابچێت. لەو چوارچێوەیەدا پەرلەمانی تورکیا لە رێکەوتی ٢ی ١٠ی ٢٠١٤ مۆڵەتی ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی لەدەرەوەی سنووری تورکیا کە لەلایەن سەرۆکایەتی وەزیرانی تورکیاوە پێشنیار کرابوو بۆ رێگریکردن لە هەر هێرشێکی گروپە تیرۆریستیەکانی سوریا و عێراق بۆ ناو خاکی تورکیا قبوڵکرد. بەڵام وا لێکدرایەوە کاریگەری خراپی بۆ سەر قۆناغی چارەسەر دەبێت، هەرچەندە عیسمەت یڵماز، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو مۆڵەتە هیچ کاریگەریەکی خراپ ناکاتە سەر قۆناغی چارەسەری و ئاشکراشی کرد، دەبێتە مایەی ئاشتی و خۆشگوزەرانی.

لەسەرەتادا هەڵوێستی و گوفتار و رەفتاری بەرپرسانی دوفاقی پێوە دیاربوو. ئەنقەرە دوای هێنانەوەی ٤٩ بارمتەکەی لە موسڵ، چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دیکە دەریخست تورکیا لە

ژێرە یارمەتی ئەو گروپە توندڕەوانە دەدات، ئەنقەرە بێدەنگی لە سەرەتادا هەڵبژاردبوو. ئامادەنەبوو بەشداری هاوپەیمانی جیهانی دژی بەشداری بكات.

دوای هەڕەشەكانی ئۆجەلانیش لە بەردەوامی هێرشەكانی سەر كۆبانی رەنگە پرۆسەی ئاشتی تێكبچێت، دەسەڵاتدارانی توركیا قسەكانی ئۆجەلان بە جدی وەردەگرن، بۆیە سەرۆك وەزیرانی توركیا ئەحمەد داودئۆغلۆ بەراشكاوی دەڵێ:"بۆ كۆبانێ چی پێویست بكا درێغی لێ ناكەین، چونكە نامانەوێ كۆبانێ بكەوێتە دەستی داعش". هەروەها رەجەب تەیب ئەردۆگان رایگەیاند، سنوورەكانمان لە ژێر مەترسیدان و ئێمە ئەو شتانە دەبینین، ئەوەی ئەمڕۆ لە كۆبانێ روودەدا، رەنگە سبەی رەنگە لە حەسەكە یان لە شوێنێكی دیكەی نزیك لە سنووری توركیا رووبدا، بێگۆمان لە بەرامبەر ئەو هەموو مەترسی و ئاڵۆزییانەدا ئێمەش وەك كۆماری توركیا رێوشوێنی پێویستمان گرتووەتەبەرو بۆ جێبەجێكردنی هەر هەنگاوێكی پێویست چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ئامادەكاریمان كردووە و وەك ئێوەش ئاگادارن دواجار لە كۆشكی سەركۆماریی كۆبوونەوەیەكی تایبەتی ئەمنیمان ئەنجامدا و نەخشەرێگەیەك ئامادەكراوە و بەپێی ئەو نەخشەرێگەیە هەڵسوكەوت دەكەین.

هەروەها رەجەب تەییب ئەردۆگان، سەرۆك كۆماری توركیا لە ٧ی١٠ی ٢٠١٤ سەردانی پەنابەرانی سووریا و رۆژئاوای كوردستانی كرد لە شاری دیلۆك. لە گوتارێكیشدا كە لە بەردەم ئاوارەكاندا پێشكەشی كرد، لەسەر رەوشی كۆبانێ گوتی:"ئێستا كۆبانێ لەسەر كەوتنە. ئێمە داوای ٣ شتمان داواكرد، دروستكردنی ناوچەی دژەفرین، پێكهێنانی ناوچەیەكی ئارام، هاوتەریب لەگەڵ ئەو ناوچە دژە فڕینە، مەشقپێكردن و پڕچەككردنی لایەنی میانەڕەوەكانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەو كەسانەی باسی كۆبانێیان دەكرد، دەنگیان نەدا بەو پرۆژە یاسایەی رێگە دەدات بە سوپا بۆ ئەنجامدانی

ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدەرەوەی سنوور. هاوكات كۆبانێ دەكەن بە دەسكەلا بۆ سیاسەتی ناوخۆی توركیا و پرۆسەی چارەسەری". سەرۆككۆماری توركیا جارێكی دیكە ئەوەشی دووبارە كردەوە، كە هێندەی دژی رێكخراوی داعشن، هێندەش دژایەتی پەكەكە دەكەن و هەردووكیشیانی بە رێكخراوی تیرۆریستی ناوبرد.

مەبەستی تورکیا بە درووستکردنی ناوچەی ئارامی نێودەوڵەتی لەناو خاکی سووریا کۆتایی بە هەژموونی پەکەکە بێنێت لە رۆژئاوای کوردستان. ئەگەر بێتوو کۆبانێ بکەوێتە دەست داعش، ئەوا هێزی زەمینی دەستبەکار دەبێت و ئیتر لەوێش هەژموونی پەکەکە کۆتایی دێت.

ترسی تورکیا لەگەیشتنی چەك بە دەستی پەکەکە و پەیەدە لە سوریا، دواتریش پەکەکە ئەو چەکانە لەدژی تورکیا بەکاربهێنێت و ببێتە هۆی لە ناوبردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. بەڵام راستیەکی حاشا هەڵنەگرە هەیە، کە تورکیا نایەوێت کوردانی عێراق و سوریا لەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ناوچەکە سودمەندبن و بە ئاواتی دێرینەو لە مێژینەی خۆیان بگەن، بەتایبەتی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

بنکەی ئینجەرلیك: کە یەکێکە لە گەورەترین بنکەکانی هێزی ئاسمانی لەشکری لە ناوچەکەدا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دووەم شەڕی جیهانییەوە ئەم بنکەیەی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی ئینجەرلیك لە لایەن واشنتۆنەوە بۆ ئۆپەراسیۆنە لەشکرییەکان لەشەڕی داعش گرنگی خۆی هەبوو. چونکە بنکەی ئینجەرلیك تەنها ١٥٠ کیلۆمەتر لە بەرەی شەڕی سوریاوە دورە، بۆیە جێی ئەو گرنگییە زۆرەیە.

هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە کەشتییە فرۆکە جەنگییە هەڵگرەکانی (کەنداو)ەوە ئاسان نییەو خەرجیشی گەلێك زۆرە. ٨ کاژمێر فڕین و ٢ جار پڕکردنەوەی سووتەمەنی لە ئاسماندا دەوێت، تەنها بۆ ئەوەی لە زرێپۆشێك یان ماشێنێکی بارهەڵگر بدەیت، لە شاری کۆبانێ، بۆیە بنکەیەکی نزیکی هێزی ئاسمانی کە پێویستە تەنها بنکەی ئینجەرلیکە. مشتومڕی نێوان ئەمریکا و تورکیا درێژەی کێشا، کەچی ئەنجامی نەبوو، چونکە ئەنقەرە هیچ رێکەوتنێکی لەگەڵ واشنتۆندا ئەنجام نەدا بۆ بەکارهێنانی بنکە لەشکرییەکانی تورکیا لە لایەن هاوپەیمانێتی بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ووڵاتی تورکیا گشت رێوشوێن ئامادەکارییەکی لەسەر خاکی خۆی ئەنجامدابوو، بەبێ بەشداری کردن لە شەڕ هەروەکو ئەوەی لەسنوری کۆبانێ دەبینرێت، سوپایەکی پڕ چەك و تفاق ئامادەکراو بەتانك و دەبابە سنوری باکوری کۆبانێ تەوقکردوە بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەی لەبەرامبەر پەلهاوێژییەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەبێت، کەچی لە وتاری بەرپرسەکانی تورکیا

جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەرچی پێویست بێت بۆ کۆبانێ دەکەن یاخود نامانەوێت کۆبانی بکەوێتە دەست داعش، بەڵام ئەوانە هەر قسەن لەسەر ئەرزی واقع پێچەوانەکەیان هەڵبژاردبوو.

لە سەرەتای شۆڕشی سوریا بەپرسانی تورکیا هەوڵی زۆریان داوە رژێمەکەی (بەشار ئەسەد) بڕوخێت، بە هۆی شەڕی کۆبانێ تورکیا بە نیازبوو ئیمتیاز لە ئەمریکا وەربگرێت. هاوکاری نەکردنی تەواوی تورکیا بەو واتایەیە کە فڕۆکەکانی ئەمریکا ناچارن لە شوێنی دورتر و لەسەر کەشتیە فڕۆکە هەڵگرەکانەوە بەرە کۆبانێ بڕۆن و ئەمەش کاریگەری لەسەر ژمارەی هێرشەکان دروست دەکرد. لەگەڵا هەموو ئەوانەش دوای چەند کاتژمێر لە هۆشدارییەکانی ئەردۆگان بە ئۆباما سەبارەت بە یەپەگە لە سوریا و نەدانی چەك بەوان، فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکا چەك و تەقەمەنیان بۆ یەپەگە هەڵدایە خوارەوە، ئەوەش باشترین بەڵگە بۆ بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و تورکیایە.

لە کۆتاییدا حکومەتی تورکیا رەزامەندی نیشاندا پێشمەرگە، هەرچەندە ئەردۆگان رایدگەیاند، لەپەیوەندیکردنی تەلەفۆنیم لەگەڵا ئۆباما پێشنیارم کردوە پێشمەرگە بچنە کۆبانێ. ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە یەکەکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ لە سنوورەکانی تورکیاوە بەرەو کۆبانی بڕوا، بەڵام رێگە بە پێشمەرگە دەدرێت. هەروەها تەنیا مەرجی تورکیاش ئەوە بووە کە هێزەکە لە ژێر فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا بێت.

## گۆڕانی هەڵوێستی توركیا بەرامبەر كۆبانی

١. لەوانەش گوشارە بەردەوامەكانی ئەمەریكا كە بەسەرچاوەیەكی سەرەكی دابینكردنی چەك دادەنرێت بۆ توركیا.

٢. ئەو نارەزاییانەی لەناوخۆی توركیا سەریانهەڵدا بەهۆی بێهەڵوێستیی بەرامبەر شەڕی كۆبانی.

٣. توركیا نایدەویست ئەو پرۆسەی ئاشتییەی لەگەڵا پەكەكە رایگەیاندبوو، پوچەڵا ببێتەوە.

٤. ئەو بڕیارە نوێیەی توركیا زیاتر دەرەنجامی پەراوێزخستنی توركیایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی توركیا شكتسهێنا لەوەی ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان.

## كەوتنی كۆبانێ و پرۆسەی ئاشتی

بەڕوونی دەركەوت كە كوردەكاتی باكوری كوردستان خۆپیشاندانیان دژی هەڵوێستی حكومەت توركیا ئەنجامدا، ئەوەش بەو مانایە دێت كە كوردەكان كێشەكانیان پەیوەست كردوە بە یەكەوە، بەجۆرێك كە كەوتنی كۆبانی بەبەرچاوی توركیاوە، بە مانای كەوتنی پرۆسەی ئاشتیش لە توركیا دێت. رۆژی شەممە ٢٠١٤/١٠/٢٥ لە ناوچەی( گەڤەرێ)ی سەر بە پارێزگای جۆلەمێرگ لە باكووری كوردستان سێ سەربازی تورك كوژران. سەرۆك وەزیرانی توركیا بەهۆی رووداوی كوژرانی سێ سەربازی توركیا لە (گەڤەرێ)ی سەر بە جۆلەمێرگ رایدەگەیاند:"چاو بە هەموو شتێكی پرۆسەی ئاشتیدا دەخشێنینەوە و رەنگە سەردانەكان بۆ لای ئۆجەلانیش شەنوكەو بكەین".

بەڵام داود ئۆغلۆ بەهەڵەداچوبوو، ئەوەی پرۆسەی ئاشتی تێكدەدات خودی توركیا بوو، چونكە توركیا یارمەتی ئاشكرای داعش لە دژی كوردانی رۆژئاوای كوردستان داوە، شەهیدكرنی زیاتر لە ٣٠ خۆپیشاندەری كوردانی باكوری كوردستان لەلایەن سوپای توركیاوە، جیاوازی نەكردن لە نێوان پەكەكە و داعش. بۆردومانكردنی ناوچە سنورو بارەگەكانی پەكەكە. ئەگەر پرۆسەی ئاشتی تكێبچێت، بەڵكو هەموو ئەوانەی سەرەوە تێكی دەدەن نەوەكو هەڵوێستەكانی پەكەكە.

كەچی هەر داودئۆغلو لە كۆتا بەشی بیست و سێیەمین كۆبوونەوەكانی راوێژكاریی و هەڵسەنگاندنی پارتەكەی، گوتەیەكی پێشكەشكرد و تیایدا رایگەیاند كە قۆناغی چارەسەریی تەنیا بۆ توركیا نییە،

بەڵكو بە گرنگترین چیرۆكی سەركەوتنی ناچەكەیان دادەنرێ. راشیگەیاند كە سەرەڕای هەموو كارەكانی "بەرێ لادانی" قۆناغەكە، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر بەردەوامی پرۆسەكە، چونكە ئەم هەنگاوە بۆ یەككگرتنی گشت گەلان گرنگە. هەروەها لە راگەیەنراوی كۆبوونەوەی لیژنەی ئاسایشتی نەتەوەیی توركیا، باسی ئەوە كراوە كە لە چوارچێوەی شەڕی بەرفراوانی دژە تیرۆردا باس لە قۆناغی چارەسەری كراوە و جەخت لەوە كراوەتەوە كە زۆر بە توندی وەڵامی ئەو هەوڵە تێكدەرانە دەدرێتەوە كە دەیانەوێ ئەو ئارامییەی لە سایەی قۆناغی چارەسەریدا هاتووتە ئاراوە، ئاڵۆزی بكەن.

لەگەڵ خۆپێشاندانەكانی پشتگیری لە كۆبانێ لە باكووری كوردستان، پرۆسەی چارەسەری پێی نایە قۆناغێكی هەستیارەوە. كارگەیشتە ئەوەی ئیمراڵی هەڕەشەی كۆتایی هێنانی پرۆسەكەی دەكرد. بەڵام دوایین ئاماژەكان ئەوە پیشان دەدەن، كە ئەو قۆناغە هەستیارە بەرەو كۆتایی دەڕوات و پرۆسەی چارەسەری دەگەڕێتەوە بۆ ئاقاری ئاسایی خۆی. هەربۆیە لە رۆژی (٢٠١٤/١١/١٢ )شاندی دانووستاناندكاری پارتی دیموكراسی گەلان **HDP** لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ ئەو تێبینیانەی كە هەیانبوون لەسەر حكومەتی توركیا، سووربوونی خۆیان لەسەر بەردەوامیدان بە پرۆسەكە دووپاتكردەوە. لە یەكەم كاردانەوەشیدا بەرامبەر ئەم راگەیەندراوەی **HDP**، ئەحمەد داودئۆغڵو، سەرۆك وەزیرانی توركیا گەشبینی خۆی راگەیاند، لێدوانەكانی **HDP** ئەرێنین و ئێمەش خۆمان یەكلایی كردووەتەوە بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەكە، هەتا هەڵسوكەوتەكانی **HDP** لە چوارچێوەی رەوادا بەردەوام بێت، پەیوەندییەكانمان بەردەوام دەبێت". هەروەها جێگری سەرۆكی گشتیی و گوتەبێژی ئاكپارتی بەشیر ئاتالای گوتی: "قۆناغی چارەسەریی بە هیچ شێوەیەك ئاسایشی وڵات لاواز ناكات.

سەبارەت بەو هێزەش كە بەستەڵەكی زویری لە نێوان حكومەت و **HDP** تواندەوە، حسەین یایمان، نووسەری رۆژنامەی وەتەن لە گۆشەكەی خۆیدا لە ژمارەی ١٣-١١-٢٠١٤ نووسیویەتی، هاكان فیدان، سەرۆكی دەزگای هەواڵگری **MIT** ژمارەیەك كۆبوونەوەی لەگەڵ **HDP** كردوون، هاوكات شاندێكی حكومەتیشی بۆ سەردانی ئیمراڵی ناردووە و لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی فیدان دەوڵەتی توركیا و ئیمراڵی و **HDP** گەیشتوونەتە رێكەوتنێك.

سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان **HDP** لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامیەکی تەلەفزیۆنیدا گوتی، ئەگەر لەنێوان شاندی حکومەت و ئۆجەلان ڕێككەوتن بکرێت، پەکەکە هەرە درەنگ مانگی ئادار تا نیسانی ٢٠١٥ چەك دادەنێ و لەلایەن پەکەکەشەوە چرای سەوزی بۆ هەڵکراوە. دەمیرتاش لەسەر زاری ئۆجەلانەوە دەڵێت:"بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن ئێمەساڵەهای ساڵ درێژی ناکەینەوە، پێشنیازی من بۆ دەوڵەت ئەوە بووە کە ئەوان بە بەرنامەی چارەسەری خۆیان و نەخشەڕێگای خۆیانەوە بێن و منیش لەئیمرالی لەگەڵ راوێژکار و هاوڕێیانم تاوتوێی دەکەم، ئێوە نەخشەڕێگای خۆتان پێشکەش بکەن، منیش نەخشەڕێگای خۆم، رۆژێك دادەنیشین و و کۆتایی پێدەهێنین و دەگەینە ڕێككەوتن، منیش لە مانگی ئادار و نیسان داوا لە پەکەکە دەکەم و بانگەوازی چەکدانانیان بۆ دەکەم".

# هـەڵــوێستی ئەمــریكا

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (١٥) ڕۆژ بەسەر شەڕی کۆبانێ ئەمریكاو هاوپەیمانی جیهانیی دژی داعش كاردانەیەكی ئەو تۆیان نەبوو، هەرچەندە لەسەرەتاشدا ئەمریكا ڕایگەیاند، كە كۆبانێ لە ستراتیژییەتی ئەوان دانییە. هەربۆیە ئەو پرسیارەی بەرەوڕووی ئەمریكا بویەوە، كە بۆچی ئەو ئەزموونەی (كۆبانیو قامیشلۆو جەزیرە) ڕاشكاوانە بەڕەسمی ناناسنو لە هێرشو پەلاماری تیرۆریستی داعش نایپارێزێت. بەشێك لە سستی هاتنە سەرخەتی ئەمریكا بۆ لێدانی داعش لە كۆبانێ دەگەڕایەوە بۆ جەمسەرگیری ئێران و توركیا، هەوروەها دابەشبوونی پارت و هێزە سیاسیە كوردیەكان لە بازنەی وڵاتە ئیقلمیەكان، پەیەدەش لەسەر هێلەكەی ئێران لە قەلەمدرابوو، بۆیە هیچ كات توركیا نەیدەویسست قەوارەیەكی لە تەنیشتیەوە دروست بێت لەسەر هێلەكەی ئێران یاری بكات.

پاش ماوەیەك لە بەردەوامبونی هێرشەكانی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر ئەو شارە، ئەمریكاو و وڵاتە هاوپەیمانەكانی دژی گروپی تیرۆریستی داعش، لە بەرواری ٢٣ی١٠ی٢٠١٤، یەكەم هێرشی ئاسمانی بۆ سەر تیرۆرستانی داعش لە سنوری كۆبانێ، ئەنجامدا. هاوپەیمانی جیهانیی دژی داعش بە سەركردایەتی ئەمریكا لەسەرەتادا هێرشی ئاسمانیی بۆسەر مۆڵگەكانی داعش لە سوریا چڕ نەكردبووە. كەچی پنتاگۆن ڕایگەیاند ئێمە نامانەوێت كۆبانێ بكەوێتە دەست داعش، هەروەها فڕۆكە جەنگییەكانی ئیف ٢٢ی ئەمریكی و موشەكی جۆری تۆمهاوك بەكارهێنراون و ئەمریكا بۆ ئەو هێرشە ئاسمانییانە ڕۆژانە حەوت تا ١٠ ملیۆن دۆلار خەرج دەكرد. بەڵام ڕەخنەكان زیاتر دەبوون بەڕووی ئەمریكا ئاخۆ بۆچی هەوڵەكانی چڕناكاتەوە هێرشی ئاسمانی زیاتر ناكات لەسەر مۆڵگەكانی داعش لە ڕۆژئاوای كوردستان.

جۆ بایدن لە بارەی هاریكاری توركیا بۆ داعش، لە وتارێكدا كە لە زانكۆی هارڤەرد ڕایگەیاند، گەورەترین كێشەی ئێمە لە هاوپەیمانەكانمانەوە بوو، توركەكان هاوڕێی نایابی ئێمەبوون بە هەمان شێوە ئیماراتییەكان و سعودییەكانیش، بەڵام ئەوان چیان كرد، ئەوان تاكە كێشەیان ڕژێمی بەشار ئەسەد بوو لە سووریا، بۆیە ملیۆنان دۆلار و دەیان هەزار تۆن چەكیان پێشكەش بەهەر هێزێك كرد، كە ئامادەبوو دژی ئەسەد بجەنگێت، ئەو لایەنانەی پارە و چەكەكانیان وەرگرتووە جەبهەتولنوسرە

و قاعیدە بوون، ئەگەر پێتانوایە من زیادەڕەوی دەکەم، خۆتان سەیری ئەنجامەکەی بکەن. بەڵام ئەمریکا لەوە گەیشتبوو سەری مارەکە لای تورکیاوە دەجوڵێنرێت، بۆیە جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە قسەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە، بە فەرمیش داوای لێبوردنی لە ئەردۆگان کرد. هاوپەیمانییەتی دژ بە داعش بێ بەشداری تورکیا مەحکومبوو بە شکستخواردن. شتێکی روونەو ئاشکرایە هەر جولانەویەکی چەکداری وڵاتێکی دراوسێی سەر سنوری یارمەتی دەرنەبێت لە نیوەی رێگا کۆتایی پێ دێت، سنووری تورکیا ئەو مەنفەزە گرنگە ستراتیژییە بۆ داعش ئەگەر بەرووی داخرێت، راستەوخۆ دەخنکێت. تەنانەت ئەگەر تورکیا لەرووی سەربازییش هاریکاری هاوپەیمانیەتەکە نەکردبایە، تەنها سنوری بەڕووی داعش دابخستابوایە. بەسبوو بۆ وشککردنی رەگ و ریشەی داعش. بەرگرتن لە پەلهاوێژییەکانی داعش بەتەنها بەهاوپەیمانییەتییەکی جیهانی نابێت، ئەگەر تورکیا وەك تەماشەکەرێك بمێنێتەوە، لەژێرەوەش یارمەتی لۆجستی و سەربازی داعش بدات.

کارۆڵ گیاکۆمۆ، لە بابەتێکیدا لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزی ئەمریکی، باس لەوە دەکات جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی راستییەکی لەبارەی تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکەوە درکاندووە، بەڵام سیاسەتی ئەمرۆ وایکردووە لەژێر گوەشاردا ناچار بێت بە فەرمی داوای لێبووردن لە گوتنی ئەو راستییە بکات. چونکە ئێستا لە ناوچەکەدا بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ بەرژەوەندی (تورکیا و قەتەر و ئیمارات)دایە، ئەمریکا دەیەوێت ئەو وڵاتانە لە جەنگی دژ بە داعشدا بەشداری پێبکات، بۆیە دەبێت لە زویربونی ئەو وڵاتانە ئاگادار بێت.

بەرپرسانی ئەمریکا لە چەندین وێستگە دڵتەنگی خۆیان راگەیاند بەرامبەر هەڵوێستی تورکیا لەشەڕی دژی داعش، بەرپرسانی ئەمریکی دەیانگوت تورکیا خۆی لە هەنگاونان بۆ پاراستنی کۆبانێ دوور دەگرێت. بێگومان تورکیا دەتوانێ زۆر شت بکات ، بەڵام دەیانەوێ ئەمریکا بێت و چارەسەری کێشەکە بەدەستەوە بگرێت، پێشنیازی تورکیا سەبارەت بە دروستکردنی هەرێمێکی نەفڕین، پێویستی بە پارەیەکی زۆرە بۆ خەرجکردن لە چاودێری ئاسمانی، جگە لە مەترسییە گەورەکانیشی.

هەرچەندە لەسەرەتادا ئەمریکا رایگەیاند کۆبانێ لە ستراتیژییەتی ئەواندا نییە. بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەرهات. ئەمریکا هەوڵێکی زۆریدا تاوەکو تورکیا بخاتە هاوپەیمانی

رووبەڕووبونەوەی داعش، لەو بارەوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جێن ساکی ڕایگەیاند:"ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین وڵاتێك بە تەنیا قەیرانی کۆبانێ چارەسەر بکات، بۆیە بەهەماهەنگی کار دەکەین. هەڵبەت لەم بوارەدا تورکیا ڕۆڵی دەبێت، بەڵام دەمانەوێ سەرەتا ئامانج و توانا و مەبەستیان گفتوگۆ بکەین، بێگومان لە توانای تورکیادایە لە بوارەکانی سەربازی، ڕاگرتنی دارایی تیرۆریستان، ڕێگرتن لە هاتوچۆی شەڕوانانی بیانی، هاوکاری مرۆیی و چەند بوارێکی دیکە یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمان بدات. تورکیا لە توانایدایە لەو هەموو بابەتانەدا هاوکاری بکات".

جۆن کێری لە جاکارتای پایتەختی ئەندەنووسیا بە رۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند، هەڵوێستێکی نابەرپرسانە دەبێت ئەگەر ئێمە پشتگیرییان نەکەین و هەروەها لە ڕووی ئەخلاقیشەوە زۆر سەخت دەبێت. حکومەتی ئەمەریکا لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێدەگات کە ئەو کوردانە پەیوەندییان بە کۆمەڵێکی کوردییەوە هەیە کە ئانکەرە بە توندی لە دژێتی. گوتیشی ئەم هەنگاوە بێ گومان پێویست بوو بنرێت لە بەرامبەر ڕەوشەکەی کۆبانی کە بە قەیرانێکی هەنووکەیی وەسفیکرد. داعش کۆبانی کردووە بە شوێنی شەڕی خۆی و هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵێکی بچوکی خەڵکی لەوێ کە باڵی کۆمەڵێکن هاوڕێ تورکەکانمان لە دژیانن، بەڵام ئەوان قارەمانانە شەڕی داعش دەکەن و ئێمە ناتوانین چاومان لە ئاستیاندا دابخەین.

لەلایەکی دیکەوە، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دەڵێت هێزە کوردیەکانی لە کۆبانی شەڕی توندڕەوانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن ئێجگار ئازایانە شەڕ دەکەن و بە تواناییەکانیان سەرسامیان کردوین، هەرچەندە چەند بەشێکی شارەکەشیان لە دەستداوە. جۆن کێربی دەڵێت هێزە کوردیەکانی کۆبانی سەرنج ڕاکێشن، هەر بۆیەشە ئەمریکا بڕیاری داوە لە ڕێی فڕۆکەکانیەوە یارمەتی و کۆمەکەکانیان بۆ بگەیەنێت. ئەدمیراڵ جۆن کیربی لە میانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی ئەلحورە ئەمەی ڕاگەیاند و گوتی شاری کۆبانی بۆ داعش گرنگە و هەوڵ دەدات داگیری بکات، بۆیە بۆ ئێمەش ئەو شارە زۆر گرنگە. داعش بەردەوامە لە هێنانی هێزی زیاتر بۆ کۆبانی و ئەمەش وەها دەکات ئامانجی باش بۆ فڕۆکەکانی ئەمەریکا هەبن و هاوکات لەسەر زەویش هێزە کوردییەکانیش لێیان بدەن. هێزە کوردییەکان کارێکی سەرنج ڕاکێشیان لە گۆڕەپانی شەڕ ئەنجامداوە، بۆیە ئەمەریکا بڕیاری داوە بە فڕۆکە یارمەتییان بۆ هەڵبدات.

سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا براك ئۆباما لەگەڵ زیاتر لە ٢٠ سەركردەی سوپای وڵاتاندا كۆبووەوە لە بنكەیەكی هێزی ئاسمانی لە دەرەوەی واشنتۆنی پایتەخت بۆ وتووێژكردن سەبارەت بە توندڕەوان. رایگەیاد، زۆر نیگەرانە سەبارەت بە شاری كۆبانی كە لە ئێستادا شەڕوانانی كورد بەرگری لێدەكەن تاوەكو نەكەوێتە ژێر دەستی چەكدارانی داعشەوە.

جەنەراڵ لوید ئۆستن سەرۆكی فەرماندەیەتی ناوەندی لەشكری ئەمەریكا دەڵێت سەنگییان خستووەتە سەر شاری كۆبانی، چونكە داعش هەوڵەكانی خۆی بۆ گرتنی ئەو شارە چڕكردووە و هەوڵ دەدات هێزی زیاتری بۆ ڕەوانە بكات، ئەمەش شتێكی باشە بۆ ئەوان چونكە لەو هێزانە دەدەن. ئۆستن لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریكا بە پەیامنێرانی ڕاگەیاند ، هێرشە ئاسمانییەكانی هاوپەیمانان ئەنجامی باشیان هەبووە و تواناكانی داعشی لاوازكردووە و هاتوچۆكردنیشی سەخت كردووە. ئەگەربێت و داعش لە كۆبانی لاواز بكەین، ئەوا بە شێوەیەكی گشتی كاریگەری بۆ سەری دەبێت. بەردەوام لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە یارمەتی هێزە كوردییەكان دەدەن و ئەمەش وایكردووە چەند ناوچەیەك بگرنەوە كە پێشتر داعش دەستی بەسەرداگرتبوون.

نەتەوەیەكگرتوەكان لەسەر پرسی كۆبانێ وەك پێویست رۆڵی خۆی نەبینی زۆر دەرەنگ وەخت هاتەدەنگ، هەرچەندە بانكی مۆن سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان و دیمستۆرا نێردەی نەتەوەیەكگرتوەكان لەسەر كۆبانی داوای هاریكاری بەپەلەی نێودەوڵەتیان كرد. بەڵام لە ئاست داواكاری و كارەساتی كۆبانی دا نەبوو.

هاوپەیمانیەتی جیهانی دژی داعش، كە لە ٦٠ ووڵات بەسەرۆكایەتی ئەمریكا پێكهاتبوو، هەڵوێستێكی رووبیان لە سەر هێرشەكانی داعش بۆ سەركۆبانێ نەبوو، هەرچەندە سەرككۆماری فەرەنسا گوتی، فەرەنسا كۆبانێ وەك سیمبوڵی بەرخۆدان دەبینن، كە ئیستا لە لایەن داعشەوە گەمارۆدراوە. هەروەها لە بەرواری١٤ی ١٠ی ٢٠١٤ وەزارەتی بەرگری ئەمریكا رایگەیاند، بۆ رووبەڕووبونەوەی چەكدارانی داعش، هێرشی ئاسمانی بەردەوام دەبێت و هێرشەكانی ئەمڕۆی شاری كۆبانێ، گەورەترین هێرش بووە بۆ سەر چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

توركیا ڕێگر بوو یان ئاستەنگیان دروستكرد لە گەیشتنی هاوكارییەكان بۆ كۆبانی، توركیا لەسەرەتادا ڕێگەی نەدەدا فرۆكەی هێزە هاوپەیمانەكان، زیاتر لە ١٠ كیلۆمەتر لە سنوری توركیا

نزیك ببنەوە. هەروەها بەر لەهاتنی هێزی ئاسمانی ئەمەریكا، لەوكاتەوەی توركیا تەقەی لەفڕۆكەیەكی شەڕكەری سوری كردوە، فڕۆكەكانی سوریا نەیانتوانیوە لەو ناوچانە نزیك بكەونەوە ئەمەش وەك هاوكاریەكی ناڕاستەوخۆ بە قازانجی چەكدارانی داعش و زیانی شۆڕشگێرە كوردەكان كەوتۆتەوە. بەڵام دواتر یەكینەكانی پاراستنی گەل ناوەندێكی هاوبەشیان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان پێكهێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، ئۆپەراسیۆنو هێرشە ئاسمانییەكان، بە هەماهەنگیی هێزێكی تایبەتی یەپەگە ئەنجام دەدران لە كۆبانی. بە پێی یاسای ئەمریكا پەیەدە وەك پەكەكە نییە. هەروەها پەیەدە لە لیستی تیرۆر نییە.

لە مانگی ١١ی ٢٠١٤ ئەمریكا بیری دانانی ستراتیژێكی نوێ دەكردەوە، بۆ رووبەڕووبونەوەی داعش. دەڤید فرانسیس و شابین موسكات، لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی راپۆرتێكیان دەربارەی كۆبوونەوەكانی تیمی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا ئامادەكردووە، ئەو دوو پسۆڕە پێیانوایە یەكێك لە بژاردەكانی بەردەم ئەمریكا بریتییە لە هەڵكشان و چڕكردنەوەی هێرشە ئاسمانییەكانی سەر داعش، هەروەها كۆشكی سپی و ئەندامانی كۆنگرێس ئەو باوەڕەیان لا دروستبووە ئیدی پێویستە هێزێكی وشكانی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ لەناوبردنی داعش. ئەوەی ئەركی ئەمریكای سەختتركردووە، بێهەڵوێستی توركیایە بەرامبەر بە داعش. لەماوەی هەفتەیەكدا تیمی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا چوارجار بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژیەتی چارەسەری بنەڕەتی كە بە ستراتیژیەتی ئۆباما دژ بە داعش ناسراوە، كۆبووەتەوە. هەروەها باراك ئۆباما داوایكردبوو ستراتیژیەتێك دابڕژرێت كە بتواندرێت داعش لە عێراق و سووریا تێكبشكێندرێت و، كار بۆ گۆشەگیركردنی حكومەتی سووریا و بەهێزكردنی ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەو بكرێت.

ئەمریكا لە پاڵ نیگەرانیەكانیشی لە توركیا، بەڵام پێوابوو توركیا رۆڵێكی گرنگی گێڕایە لە هاوپەیمانێتییەكەدا. چەند هەنگاوێكیان گرتۆتەبەر و دەستیانكردووە بە رێگریكردن لە چەكدارە دەرەكییەكان، خەریكی تێڕوانینی سەرچاوەی دارایی داعشن، هەروەها رازیبوون كە بەشێك لە پرۆگرامی مەشقكردن و كۆمەكردنی (ئۆپۆزسیۆنی سووریا) لەوڵاتەكەیان ئەنجامبدرێت. هەروەها رێگەدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ كۆبانی، بە یەكەم هەنگاوی توركیا دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دادەنرا. بەڵام ئەمریكا چاوەڕوانی جەسارەتی زیاتری لە توركیا دەركرد.

# هەڵـوێستی هاوپەیمانان بەرامبەر کورد

١. ئەمریکا سەرەڕای بە تیرۆریست دانەنانی پەیەدە و هاوکارییەکانی بۆ کۆبانی بەردەوامی پێدابوو، تەنانەت بە فڕۆکەکانی خۆشی هاوکاری سەربازی لە هەرێمیکوردستانەوە گەیاندە کۆبانی، بەدوای ئەوەشدا بەرپرسانی ئەمریکا بەشێوەیەکی رەسمی دانیان بەوەدا نا کە لەگەڵ پەیەدە کۆبونەتەوە.

٢. هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بە بەشداری ٦٠ وڵاتی جیهان، وەك تەنها هێزێك مامەلەیان لەگەڵ کورد و هێزی پێشمەرگە کردوە، کە لەسەر ئەرزی واقیع شەڕی دژی داعش لە سوریاو عێراق دەکەن.

٣. خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی هاوڵاتیان لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریەکی کارای هەبوو لەسەر بڕیاری سیاسی ئەو ووڵاتانەو فشاری لەسەر حکومەتەکانی ڕۆژئاوا دروستکردو تا هاوکاری کۆبانی بکەن.

هەر ئەو خاڵانەی سەرەوە بەشێکبوون لە هۆکاری نیگەرانییەکانی تورکیا بوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەل فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا لە شاری پاریس، ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی ستراتیژی هاوپەیمانان کرد لە جەنگی دژ بە داعش و ڕایگەیاند، هێزەکانی هاوپەیمانان هەموو هەولێکیان لە جەنگی شاری کۆبانی چڕکردوەتەوە. لەئێستادا لە ٤٠% ی خاکی عێراق لەلایەن داعشەوە داگیرکراوە، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان، ئەوەندەی کۆبانێ، گرنگی بە عێراقو حمسو ئیدلبو حەما نادەن.

ئەردۆگان وەکو ئەوەی شەرڤانانی یەپەگە مرۆڤ نەبن و دەڵێت، کۆبانی کەسی تیادا نەماوە تەنها ٢ هەزار شەڕوان نەبێت، بۆیە سەختە لەوە تێبگەیت و هەروەها بۆچی هاوپەیمانان بۆ ناوچەکانی دیکە جوڵەیان نەکرد. بەڵام سەرۆکی فەڕەنسا لای خۆیەوە گوتی ڕاستە حەلەب گرنگترین شارە لەو شەڕەی سوریا، بەڵام کۆبانیش گرنگە تەنانەت ئەگەر دانیشتوانەکەشی چۆڵیان کردبێت. ئێمە باش دەزانین لە سوریادا دوو دوژمن هەن، یەکێکیان داعشە و ئەوی دیکەیان بەشار ئەسەدە.

یەکەمجاریش کە ئەردۆگان نیگەرانی خۆی لە گرنگیپێدانی هاوپەیمانان بە کۆبانی دەربڕی ئەو کاتە بوو کە فڕۆکەکان چەك و پێداویستی پزیشکیان بۆ شەڕڤانان خستە خوارەوە، نیگەرانییەکانی تورکیا لە هاوکارییەکان بۆ کۆبانی کاتێك گەیشتە لوتکە، کە بە بەرچاوی ئەنقەرەوە گورزە ئاسمانییەکان، لە رۆژی ٢٢ی مانگی ئەیلول لە کۆبانی دەستیان پێکرد، رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆك کۆماری تورکیا، لە گرنگیپێدانی وڵاتانی جیهان و میدیا نێودەوڵەتییەکان بە کۆبانێ هێندە قەلس ببوو، چەندین جار لەسەریەك بە سەرسوڕمانەوە پرسیار دەکات لەوەی کە بۆچی هێندە گرنگی بە کۆبانی دەدرێت.

هەروەها لەلایەکی دیکەوە، ئەردۆگان بەڕاشکاوی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دیکەی ناتۆی رایگەیاند ، زۆر هەڵەن ئەگەر چاوەڕێ بکەن حکومەتی تورکیا بڵێت (بەڵێ) چەك بە هێزە کوردییەکان دەدەین. شتێکی لەو شێوەیە هەرگیز نابێت. بۆ تورکیا (یەپەگە و پەکەکە) وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەکیان نییە.

# کاردانەوەی هەرێـمـی کـوردستان

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر گەمارۆی کۆبانێ، دەنگۆی ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بڵاوبووە، بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هۆکاری ڕەوانە نەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی دەگێڕایەوە بۆ سەختی سنووری جوگرافیای کۆبانی. لە لایەکی دیکەوە حزبو هێزە سیاسەکان ئامادەباشی خۆیان نیشاندابوو بەهانای کۆبانێ بچن بە لێدوان و بیاننامە ئیدانەی گەمارۆی کۆبانێیان کرد، لە سەر ئاستی دام ودەزگاکانی حکومەت لە ٧ی ١٠ی ٢٠١٤ شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێرەوە بەرەو کۆبانێ بەرێکەوتن. سەرەتا لەبەر سەختی شەڕەکە نەیانتوانی بچنە شارەکەوە، بەڵام لە ٩ی ١٠ی ٢٠١٤ چونە رۆژئاوای شارەکە، بەشێك لە چاودێران رەخنەیان لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان دەگرت، حکومەت و حزبەکان بە کەمتەرخەم دەزانن لە هاناوەچوونی کارەستای کۆبانێ، هەر لەو چوارچێوەیەدا شەقامی کوردی هەڵوێستی وەرگرت، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژی هێرشەکانی داعش بۆ سەرکۆبانێ ئەنجامدرا.

هۆکاری درەنگ هەڵوێست وەرگرتن و بەهاناوەچوونی باشووری کوردستان، دەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** هەرێمی کوردستان بەدرێژایی زیاتر لە (١٠٥٠) کیلۆمەتر جەنگی داعش بەرۆکی گرتبوو، بەو بۆردومانە ئاسمانییەی وڵاتانەوە، ئینجا زۆر بە زەحمەت دەتوانن گوندێك ڕزگاربکەن. هەرێم زۆر لەوە لاوازتربوو تاوەکو بتوانێت هاریکاری سەربازیی کۆبانێ بکات، ئەو هێزەی هەرێم لە ٢٣ ساڵدا دروستیکردووە توانای بەرگریکردنی لە هەرێم خۆی نییە. فڕۆکەکانی ئەمریکا نەبووایە هەولێر بەر لە کۆبانێ دەگیرا.

دووەم: هیچ ڕێگایەکی سەلامەت نەبوو کە چەك و تەقەمەنی قورس لەهەرێمەوە بگەیەنرێتە کۆبانێ و هەرچییەکیش بنێردرێت داعش دەتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت. هەرێم تەنها لەیەك دۆخدا دەیتوانی چەك بۆ کۆبانێ بنێرێت کە ئەویش تورکیا ڕێ بەناردنی ئەو چەکانە بدات، بەڵام تورکیا لەسەرەتادا ئەو ڕێیەشی گرتووە.

سێیەم: ناکۆکی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان، زیانی کۆك نەبونی هێزە سیاسییەکان لەسەر پرسە گرنگە نەتەوەییەکان لە تەنگژەی کۆبانی دەرکەوت، بەتایبەتی لە (٢) ساڵی رابردوو ناکۆکی نێوان پارتی و پەیەدە و پەکەکە، کەچی گوتاری شەقامی کوردی یەکدەنگە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەوە پارتە سیاسیەکانن نەیانتوانی گوتارێکی یەکگرتوو یا کۆنگرەی نەتەوەیی دروستبکەن.

بۆ پشتگیریی لە بەرگریی قارەمانانەی شەرڤانانی (یەپەگە ، یەپەژە)و گەنجانێ کۆبانی، کوردانی سەرتاسەری جیهان بە شێوازی جۆراوجۆر لە خۆپیشاندان و راپەڕین، هەر لە ئامەد و هەولێر و سنە و تێکڕای شارە کوردییەکانی باکوور و ئەستەنبۆڵا و ئەنقەرە و قوبرسەوە تا دەگاتە تێکڕای رەوەندی کوردی لە شارەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و سوێد و رووسیا و هۆلەندا و نەمسا سویسرا و دانیمارك و ئەمریکا...هتد هەموویان بە یەك دەنگ هێرشی داعش و هاوکارییەکانی حکومەتی تورکیا بۆ ئەو گرۆپە تیرۆریستییانە ریسوا و شەرمەزار دەکرد، داوایان لە هێزە ئاشتییخوازەکانی جیهان دەکرد بە هانای کۆبانییەوە بچن.

سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما بە تەلەفون قسەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا کرد و مەسەلەی کۆبانی لەگەڵ تاووتوێ کرد. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێ بەڕێوەبەرایەتی سەرۆك ئۆباما بڕیاری دا چەك و تەقەمەنی بۆ شەڕڤانە کوردەکانی کۆبانی ڕەوانە بکات، ئەوانەی ئێستا لە شاری کۆبانی لە شەڕدان لە دژی چەکدارانی داعش. هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠ی ١٠ی ٢٠١٤ بە یارمەتیی هێزەکانی ئەمەریکا هاوکاریی چەك و تەقەمەنی گەیاندە کۆبانێ، ئەو چەك و تەقەمەنییەی کە ڕەوانە کرابوون بریتیبوو لە ٢٤ تۆن و هەمووی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بار کرا لە سێ فڕۆکەی جۆری (**C-130**) بە ٢٨ پەڕەشووت لەسەر کۆبانێ فڕێ درایەخوارەوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردوە ئەو هاوکارییانەی کە فڕۆکەکانی ئەمەریکا گەیاندوویانە کۆبانێ بەشی هەرێمی کوردستان بوو. هەرچەندە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەیاننامەی لەو بارەیەوە بڵاوکردوە. کە هاوکاری و چەکەکان یەکێتی ڕەوانەی کۆبانێیان کردووە. بەڵام سەرۆکایەتی هەرێم لە راگەیێندراوێك وەڵامی یەکێتی دایەوە جەخت لەوە دەکردەوە ئەو هاوکارییانە بەناوی گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان ڕەوانە کراوە و هیچ پێویست نەبوو یەکێتیی نیشتیمانی لەم کاتەدا ئەم موزایەدەیە بکات.

فوئاد حوسێن لە لێدوانێکدا بۆ رووداو ئاشکرای کرد، چۆن ئاڵن، جەنەراڵی خانەنشینکراوی ئەمریکا، کە سەرۆکایەتیی هێرشەکانی هاوپەیمانان لە دژی داعش لە عێراق و سووریا دەکرد، لەگەڵا مەسعود بارزانی کۆبووەتەوە و باسی رەوشی کۆبانێیان کردووە و لەکاتی سەردانی ئەو بەرپرسە سەربازییەی ئەمریکاش بۆ تورکیا، ئەنقەرە رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵا تورکیا و ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکە لەسەر هێڵبووە تاوەکو رێگە بدرێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهانای (کۆبانێ)ـوە بچن. بارزانی هەر یەك لە ئێران، عێراق، تورکیا، ئەمریکا و هێزە ناوخۆییەکان بە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ رازیکردبوو. هەروەها رۆژی ٢١ی١٠ی٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاویکردەوە، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووەو داوای رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان دەکات بەمەبەستی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ.

رۆژی چوارشەممە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان بە کۆی دەنگ لەسەر داوای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان، بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی بۆ شاری (کۆبانێ)ی رۆژئاوای کوردستان پەسندکرد، بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی شەڕڤانانی کورد دژی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی مێژوویی بە کۆی دەنگ پەسەندکرد، پەسەندکردنی بڕیاری ژمارە(٢٨)ی ساڵی ٢٠١٤ بە کۆ دەنگی سەرجەم فراکسیۆنەکان و پێشوازیکردن لەو بڕیارە بە چەپڵەڕێزان و گوتنەوەی سروودی ئەی رەقیب. یوسف محەممەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان کردو گوتی:" بۆ یەکەمجارە هەرێمی کوردستان هێز رەوانەی بەشێکی دیکەی کوردستان دەکات".

رۆژی ٢٨ی ١٠ی ٢٠١٤ لە هەلێرەوە ١٥٠ پێشمەرگە لە هێزی پشتیوانی، رەوانەی رۆژئاوای کوردستان کران، بۆ پشتگیریکردنی یەپەگە لە شەڕی دژی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش). دوای مانەوەیان بۆ ماوە دوو رۆژ لەنزیك دەروازەی سنوری پیرسوس کە دەکەوێتە باکوری کوردستانو نزیك لەکۆبانێ، لە کاتژمێر ١١ی شەوی ٣٠ی ١٠ی ٢٠١٤ گەیشتنە ناو شاری کۆبانێ.

وەزارەتی دەرەوەی سووریا لە بەیاننامەیەکدا کە کەناڵی فەرمیی وڵاتەکەی بلاویکردەوە، رایگەیاند: ئاسانکارییەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ شاری کۆبانێ، پێشێلکارییەکی روونی سەروەریی خاکی سووریایە لەلایەن تورکیاوە.

لە رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩ هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە باکوری کوردستان، هاوکات بوو بە رۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم کە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیایە، ساڵانە بە ناوی جەژنی کۆمارەوە یاد دەکرێتەوە، بەڵام ئەو ساڵ جیاواز بوو لەیادی ساڵانی جاران، چونکە ئەو رۆژە جەژنی کوردان بوو. خۆری کورد ئەمجار لە باشوورەوە هەڵهات و لە باکوور درەوشایەوە بۆ رزگارکردنی خۆرئاوا. هەزاران کوردی باکوور بە دەوری شەقامەکان ریزیان بەستبوو، بەچەپڵە رێزان قافڵەکانی هێزی پێشمەرگەیان بست بە بست بەناو ئاپۆڕای جەماوەر رێگەیان بەرەو کۆبانێ دەبڕی.

واشنتۆن پێشوازی لە جێگیرکردنی هێزی پیشمەرگە لە شاری کوردنشینی کۆبانی لە سوریا کرد، ئەوەش لە پاش دانوساندنێکی زۆر نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و پارتی یەکیەتی دیموکراتی کورد پەیەدە هاتە دی. رەزا مەنوچەهری رۆژنامەوان و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەڵێت"ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی بە راستی هەنگاوێکی مێژووییە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە لایەنە سیاسیە کوردیەکان

گەیشتوونەتە ئەو باوەرەی ئەگەر پێکەوە نەبن لە گۆرانگاریەکانی ناوچەکەدا ناتوانن کاریگەریان هەبێ. روێشتنی هێزی پێشمەرگە پەیوەندی بە کۆمەڵێك هۆکار هەبوو:

١. دانیشتنەکەی پاریس لە نێوان ئەمەریکا و پەیەدە.
٢. دانیشتنەکەی دهۆك و رێکەوتننامەکە دهۆك.
٣. پەرلەمانی کوردستان دانی بە کانتۆنەکاندا داناو هەروەها شەرعیەت دان بە روێشتنی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە. ئەمە هەنگاوێکە لە مێژوودا تۆمار دەکرێت وە ئەمە نیشانەی پێگەیشتنە لە عەقلی سیاسی کوردی.

لەبارەی رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە (نارین عەفرین) فەرماندەی هێزەکانی (یەپەگە و یەپەژە) لە کۆبانێ ، دەڵێ:" ئێمە بەیەکەوەین، پێشمەرگە بەوپەری ورە بەرزیەوە بەرخودان دەکەن بۆ پاراستنی

کۆبانێ، هەروەها چەکە قورسەکانشیان رۆڵی کاریگەری هەیە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێیە ئەویش یەکگرتووی گەلی کوردە لەبەرخودانی کۆبانێ".

سەبارەت بە هێزی سوپای ئازادی سوریا، بەپێی زانیارییەکان ژمارەیان (١٠٠) کەسبوو، لەوانە (٥٠) کەسیان سەر بە (بورکانی فورات)ن و لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەکەوە شانبەشانی هێزەکانی یەپەگە شەڕیان دەکردوە و (١١) کەسیان گیانیان لەدەستداوە. بەڵام ئەو هێزە نوێیەی کە لە لە ٨ پیکائاپ هاتبوون بە سەرکردایەتی (عەبدول جەبار ئەلعگێدی) کە ژمارەیان (٥٠ )کەس بوو، هەرچەندە پێشتر شەڕی لە دژی هێزەکانی یەپەگە کردبوو، (١٥) کەسیان هەڵاتن و ئەو (٣٥) کەسەشی ماونەوە بەشداری شەڕەکانیان نەدەکرد. هەربۆیە نە لە لایەن هێزە کوردییەکان و نە لە لایەن هێزەکەی پێشووی سوپای ئازاد خۆشەویست نەبوون. هەروەها چاودێران پێیانوابو، هاتنی ئەم گرووپە بە ئامانجی سیاسی بووە نەوەك بۆ بەرگریکردن لە کۆبانی.

لەبارەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵا هێزەکانی تری ناو کۆبانێ وەکو (بورکان فورات) نارین عەفرینی فەرماندەی شەڕڤانەکانی یەپەگەو یەپەژە ئەوە دەخاتەڕوو، ئێمە بەیەکەوە بەرگری لەکۆبانێ دەکەین و ڕوبەڕووی تیرۆرستانی داعش دەبینەوە، هەرچەند ئەوان شێوازو سیستمی جەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام هەردوولا بەیەکگرتووی و یەك هەڵوێستی خۆیان بۆ بەرگریکردن لەکۆبانێ و نەکەوتنی ئەو شارە تەرخانکردووە ئەوەش  خاڵێکی زۆر گرنگە.  هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکات: هێزەکانی (بورکان فورات) کەهاتنە کۆبانێ بۆ بەرگریکردن لەو شارە تووشی سەرسورمان هاتن کە بەشێکی زۆر ژنە شەڕڤانی کورد بەرگری لەو شارە دەکەن و بەرخودان دەکەن دژ بەتیرۆرستانی داعش و دواتر کاتێك بەچاوی خۆیان قارەمانیەتی  و نەبەردی ژنانی کوردیان بەچاوی خۆیان بینی هەست و بیروبۆچونیان بەرامبەر بەقارەمانیەتی کورد زۆر گۆڕاو ماوەی ٧٦ ڕۆژە بەرگری لەکۆبانێ دەکەن.

بەرێژەیەکی بەرچاو هاوڵاتی مەدەنی بیانی بۆ شەڕکردن دژی داعش ڕوویان لەشاری کۆبانێ دەکرد، ڕۆژنامەی (زە ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی ڕاپۆرتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردووەو ناوی ژمارەیەك سەربازو ئەفسەری پێشووی سوپای ئەمریکاو بەریتانیاو ژمارەیەك هاوڵاتی مەدەنی هێناوە کە بۆ شەڕکردن دژی داعش چوونەتە کۆبانێ. ڕۆژنامە بەپشت بەستن بە ئاماری پسپۆڕانو شارەزایانی بەریتانی

ژمارەی ئەو چەكدارە بیانیەی لە كۆبانێ بە زیاتر لە (٥٠٠) چەكدار داناوە. لەو بارەیەشەوە ناوی ژمارەیەك هاوڵاتی بەریتانی هێناوە كە لە كۆبانێ كوژراون.

ئەو ١٥٠ پێشمەرگەی كوردستان پاش مانەوەیان بۆ ماوەی زیاتر لەمانگێك، لە ٤ی ١٢ی ٢٠١٤ ئەو هێزەی پێشمەرگە لەرێی فرۆكەوە گەیشتنەوە هەرێمی كوردستان. هێزی پێشمەرگە هیچ قوربانییەكەی نەداوە و تەنیا ١٤ كەسیان لێ بریندار بووە. لە رۆژی ٢ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٤، كاروانی دووەمی پێشمەرگە كە لە ١٥٠ كەس پێكهاتبوو، بۆ جێگرتنەوەی ئەو هێزە رەوانەی كۆبانێ كرا.

یەكێك لەو پێشمەرگانەی هێزی پاڵپشتی لە كۆبانێ، ئاماژەی بەوەدەكات، كە بەر لەدەستپێكی بۆردومانەكان لەرێی ئامێرەوە چەكدارانی داعش ئاگاداردەكرانەوە، چەند خولەكێك بەرلەوەی فرۆكە بگاتە ئاسمانی كۆبانێ لەو ئامێرە بێتەلانەی داعش كە كەوتبونە دەست پێشمەرگەو یەپەگە رۆژانە بەزمانی توركیو عەرەبی سوری چەكدارانی داعش لەهاتنی فرۆكەكان ئاگاداردەكرانەوە لەوكاتانەشدا جموجۆڵی تیرۆرستان دەوەستا.

# ستراتیژیەتی کـۆبانێ بۆ داعـش

کانتۆنی کۆبانێ دەکەوێتە سنوری نێوان سوریاو تورکیا شوێنێکی ستراتیژیی گرنگە بۆ تورکیاو بۆ کوردانی رۆئاواو بۆ داعش، بەوەی شوێنێکی ستراتیژیی گرنگی هەیە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو سێ کانتۆنەی پارتی یەکێتی دیموکراتی(پەیەدە) لەرۆژئاوای کوردستان رایگەیاندوە، لەدوریی ٢٠٠ کیلۆمەتر لەرۆژئاوای کۆبانی کانتۆنی عەفرینەو لەرۆژهەڵاتیش کانتۆنی جزیرە هەیە، لەنێوان ئەو سێ کانتۆنەش چەند ناوچەیەکی عەرەبنشین هەیە کە لە دەستی (داعش)دابوو، ئەگەر کۆبانی بکەوتایە دەستی داعش، کانتۆنەکانی دیکە لاواز دەبن، بەمەش دەسەڵاتی داعش بەهێزترو بەرفراوانتر دەبوو.

چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەوڵێکی بێپایانیاندا تاوەکو دەستبەسەر کۆبانێدا بگرن، گرتنی کۆبانێ لەلایەن داعش کارئاسانی زۆری بۆ دەکرد لە رووی جوگرافییەوە ناوچە سنوورییەکانی سووریا و تورکیا بەیەکەوە گرێدەدا. ستراتیژی کۆبانێ لەوەدایە کە لە دوای قامشلۆ و عەفرین سێیەم گەورە شاری کوردە و بۆ گرووپە کوردییەکان بایەخی زۆری هەبوو.هەروەها ئەگەر کۆبانێ لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا بگیرابویە، ئەو ناوچەیە تەواوی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش بە درێژایی ١٣٦ کیلۆمەتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە سنووری تورکیاوە تاوەکو ئەعزاز، جگە لەوەش پشتێنەیەکی سنووریی هەر لە تورکیاوە دەستەبەردەبوو، کە هاتوچۆ و جوڵەی داعش بە هەر چوار ئاراستەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، باکوور و باشوور تاوەکو دەگاتە قوڵایی سووریا ئاسان دەکات بۆ رەققە و حەلەب.

هاوکات گوندی (سوروچ)ی سەر بە (روحا) لە باکوری کوردستان بەرامبەری کۆبانی هەڵکەوتووە، کە لەنێوانیاندا خاڵی سنوریی هەیە، ئەگەر داعش دەست بەسەر کۆبانی بگرێت، خاڵێکی دیکەی سنوری نێوان سوریاو تورکیا دەکەوێتە دەستی. چونکە خاڵی سنوریی (گرێ سپی ، کانی غەزالان ، گرگەمێش ، جەرابلوس ، کلیس کۆبانی ، ئەل رای) لەدەستی (داعش)دابوو، کۆبانی هاوسنوری باکوری کوردستان بوو بەگرتنی ئەو کانتۆنە لەلایەن داعشەوە تورکیا سنورێکی فراوانی لەگەڵ داعش دەبوو لەبەرانبەردا سنوری لەگەڵ پەیەدە کەمدەبووەو بەئاسانی دەتوانێت ئەجێندای خۆی جێبەجێ بکات.

عەلی سێمین شارەزای نەوت و وزە لە ناوەندی بیرمەندان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (BİLGESAM) کە ناوەندەکەیان لە ئیستانبوڵە بە ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی ڕاگەیاند:"کوبانێ بۆ هەردوولا خاوەنی پێگەیەکی جوگرافی ستراتیژییە، بۆ داعش گرنگە چونکە لێوەیە هیوای بازرگانیکردن بە نەوتەکەی دەپارێزێت، بۆ هەرێمی کوردستانیش گرنگە چونکە بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی بەندەری جەیهانی تورکی.

پرۆفیسۆر توغجە ڤارۆڵ سێڤیم لە پەیمانگای سەدەی ٢١ بۆ وزە و ئاسایشی وزە دەڵێت:"کوبانێ خاوەنی هیچ سەرمایەکی وزە نییە، بەڵام ناوەندێکی تێپەڕبوونی زۆر گرنگە، باکوری سوریا بە هەرێمی کوردستانەوە دەبەستێتەوە. ئەو بۆرییە نەوتییانەی کە هەرێمی کوردستان نەوتی لێوە دەگەیەنێتە بەندەری جەیهان لە فیشخابوور لەگەڵ بۆرییە نەوتی کەرکوك-جەیهاندا یەك دەگرنەوە، ئەم خاڵی یەکگرتنەوەیەش بە تەواوی لەژێر سنووری تورکیادایە و لە سنووری باکوری سوریاشەوە زۆر نزیکە بۆیە دەتوانین بڵێین کە بۆرییەکان تاوەکو سنووری سوریا هێندراون لەوێوە دەتوانرێت بۆری نوێ دروستبکرێت و نەوتەکە بگەیەنرێتە بازارە جیهانییەکان.

شرۆڤەکاران پێیانوابو ئەوەی قازانجی کرد، لە هێرشی چڕی داعش بۆ سەرکۆبانێ، بەشار ئەسەد بوو، ئەو فشارەی جارانی لەسەر نەماوە هەموو چاوەکان کەوتنە سەر کارە دڕندەکانی داعش، هەروەها داعش خۆی تەرکیزی هەموو دنیا خستە سەر کۆبانێ لە عێراقیش بەخشپەیی بەرەوەی پایتەختەکەی پێشڕەوی کرد.

# بەرخــودانی شــەڕی کــۆبانێ

چەند مانگێك بەرلەوەی هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بکرێتە سەر ئەو شارە، دانیشتووانی کۆبانێ ژیانێکی ئاسایی دەژیان. راستە ترسی دێوەزمەی شەڕ لێیان نزیك بوو، بەڵام لەو بەشە بچووکەی خاکی کوردستان ئایندەی ئومێدی ژیان و ئازادی دەچێندرا. خەڵکی کۆبانێ بەئاسایی چالاکییەکانی رۆژانەیان ئەنجام دەدا، ئاهەنگی نەورۆزی سەری ساڵی کوردیان دەگێڕاو، چالاکی رامیاری و سیاسیان ئەنجامدەدا، خۆپێشاندانیش بۆ پشتگیری لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان سازدەکرد. بەڵام لە هیکرا هێرشێکی بێ پچڕانەوە روویکردە کۆبانێ دەوری شاری و دێهاتەکانیدا و ژیان لەو ڤەرە وەستا. گشت ئاوازەکان لەکارکەوتن تەنها دەنگی تەقە و دیمەنی تەقینەوە لەو شارەوە دەبینراو دەبیسترا.

هێرشی گروپە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کە لە رۆژی ١٥ی ئەیلولی ٢٠١٤ بە ئامانجی داگیرکردنی شاری کۆبانێ دەستیپێکرد. داعش بە تانك و تۆپ و موشەك لە سێ قوڵەوە، لە ڕۆژهەڵات و باشور و ڕۆژئاوا تەنیا باکوور نەبێ کە سنووری تورکیا بوو، هێرشێکی گەورەی کردووەتە سەر ناوچەی کۆبانی لە باکوری سوریا، لە سێیەم رۆی هێرشەکە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر زیاتر لە ١٥ گوندی ئەو ناوچەیە گرێت . بە هەزاران خەڵکی گوندنشینی ناوچەکە ئاوارەبوون و زۆربەیان پەنایان بەرەو سەنتەری شاری کۆبانی برد.

خۆراگری خەڵکی کۆبانێ و شەرڤانانی (یەپەگە و یەپەژە) توانیان بەربگرن لە هێرشەکانی داعش کە هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر گەمارۆدانی شارەکە. ئەگەر کۆبانێ بکەوتبوایە دەستی داعش، قەڵای (شۆڕشی ڕۆژئاوا) ڕوو لە هەرەس دەکرد، سنووری نێوان تورکیا-سوریا هەر لە گردەسپییەوە تا کارکامش دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعشەوە. لەو ڕێگەیەشەوە کۆنترۆڵکردنی کانتۆنی عەفرین کە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستان، زۆر ئاسان دەبێت. ئەمە جگە لەوەی داعش دەیتوانێ پەلامارەکانی بۆسەر حەلەب چڕتر بکاتەوە.

لەروونکردنەوەیەکەدا فەرمانداری گشتی یەپەگە رایگەیاند، شکستی کۆبانێ هیچ کاتێك مومکین نابێت، چونکە لە کۆبانێ بەرخۆدانی مێژووی تۆماردەکرێت و کۆبانێ بۆ داعش دەبێتە گۆڕستان.

هەندێك دەزگای راگەیاندنی و سەرچاوەی جیاواز ١٨ رۆژە بەردەوام بانگەشە دەكەن كە داعش كۆبانێ كۆنترۆڵ دەكات، بۆیە ئەو بانگەشانە هیچ بنەمایەكیان نییەو دوورن لەراستیەوە، چونكە خەون و خەیاڵی هەندێك لایەن سەرناگرێتو كۆبانێ هیچ كاتێك شكست ناهێنێت. لەكۆتایی راگەیەندراوەكە تەئكیدكرابووە، بۆ تێكشكاندنی داعش و گەیشتن بە سەركەوتن هەر شتێكی پێویست بێت یەپەگە ئەنجامی دەدات و داعشیش لەدەستی كۆبانێدا تێكدەشكێت و سەركەوتنی رۆژئاوای كوردستان و بۆ تەواوی جیهان رادەگەیەنن.

لە ئەنجامی لە هێرشی بەرفراوانی (داعش) بۆ سەر كۆبانێ ٣٨٠ گوندو سێیەكی شارەكە لە ماوەی چەند رۆژێكدا كەوتە دەست داعش، بەڵام بەرخودانی كۆبانێ و هێرشی ئەمریكاو هاوپەیمانان وایكرد داعش شكستێكی گەورە بەر هێرشەكانی بكەوێت نەتوانێت تەواو دەست بگرێت بەسەر شارەكە.

لە ٥-٦ـی ١٠ـی ٢٠١٤ چەكدارانی داعش گەیشتنە دەروازەی شاری كۆبانێ چەند گەڕەكێكی سەرەتای شارەكەیان كەوتە دەست، بەڵام بۆردمانی هاوپەیمانەكان بەری لە پەلهاوێژییەكانی داعش گرت. هاوكاری پێشمەرگەو یەپەگە زانیارییەكان دەدرانە فەرماندەی سانكۆك بۆ دیاریكردنی ئامانجەكان بۆ فرۆكەكانی هاوپەیمانان. دواتریش فڕۆكە جەنگییەكانی سەر بە هێزەكانی هاوپەیمانان هێرشیان دەكردە سەر خاڵی چەكدارانی رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش). لە ئاكامی هێرشەكاندا تانك و مۆڵگەكانی چەكدارانی داعش تێكدەشكێندران. یەكینەكانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دوای هێرشەكان هاوپەیمانان، هێرشی قورسیان دەكردە سەر ئەو ناوچەیەی فڕۆكەكان بۆردومانیان دەكرد.

عەبدولباقی یوسف ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی كورد لەسوریا بۆ ئاوێنەی دەڵێت:"ئەمەریكا فشار دەبێت، پێویستە لە نێوخۆماندا رێكبكەوین، تا ئەو كارتە لەدەست توركیا دەربەێنرێت كە پەیەدە بەشێكە لەپەكەكەو نابێت هاوكاریی بكرێت، ئەمەریكا دەخوازێ پشتی كورد بگرێتو بەپێچەوانەی خواستی توركیا، كوردی رۆژئاوا بەهێز دەكات، ئەو هاوكاریی‌و بۆردومانانەشی، پەیوەندیی هەبوە بەدەستپێكی گفتوگاكان‌و رەوتی بەرەوپێشچونی ئەو گفتوگۆیانەشەوە، گواستنەوەی چەكیش بۆ كۆبانی لەدوێنێدا ئاماژەیەكی دڵخۆشكەرە كە گفتوگۆكان بەرەوپێشچونیان بەخۆیانەوە بینیوە".

لە هێرشەكانی داعش دەنگۆی ئەوەی بڵاوكرایەوە كە گازی ژەهراوی بەكارهێناوە، لەوەباریەوە ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆكی پارتی یەكێتی دیموكراتی كە لەو شارەبوو، بە ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشیەتد پرێسی راگەیاند، ئەم حاڵەتانە لە بەشی رۆژهەڵاتی شاری كۆبانی بینران و پێدەچێت داعش جۆرە گازێكی ژەهراوی بەكارهێنابێت.هەروەها پزیشكەكانی كۆبانیش بە ئەسۆشیەتد پرێسیان گوتبوو ناتوانن دەستنیشانی بكەن چ جۆرە گازێك بووە، چونكە ئامێری پێویستیان بۆ ئەم مەبەستە نییە.

رۆژانە رۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسە گەورەكانی جیهان، بۆ رووماڵی داستانی بەرگری ئەفسانەییانەی شەرڤانان روویان لە شاری كۆبانێ دەكرد، كە دەگەڕانەوە بەسەر سورمانیەوە باسیان لە قارەمانیەتی و بەرخودانی شەڕڤانانی كۆبانێ دەكرد، بەشێوەیەك زۆر گرنگی بە وێنەو جوڵەو ئیرادەی بەهێزی شەڕڤانانی ئەو شارە دەكرد.

هەواڵی داستانی بەرخودانی كۆبانێ سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای خۆی راكێشا، دەیان كەس بەسەرسامیەوە سەیری رووداوەكانی كۆبانێیان دەكرد، چۆردەن ماتسۆن لە شیكاگۆوە رووی كردبووە رۆژئاوای كوردستان. لە باسی هۆكاری نەكەوتنی كۆبانێ دەڵێ:"زۆربەی ئەوانەی لەوێ شەڕ دەكەن راهێنانێكی سەرەتایی سەربازییان وەرگرتووە، بەڵام ئازایەتییەكی لەبن نەهاتوویان هەیە، نیازیان بە شكستەێنان نییە و تا قوڵایی مەترسییەكان دەڕۆن و لەپاڵ سەریانەوە خێزانەكانیان دەپارێزن، داعش موسڵی بە سێ رۆژ گرت، مانگێك زیاترە ناتوانێ كۆبانێ بگرێت، هۆكارەكەی ئەوەیە كە ستراتیژەتێكی جیدی و فەرماندارییەكی بەهێز هەیە لە كۆبانێ".

سۆران عومەر پەرلەمانتاری كوردستان كە سەردانی كۆبانێ كردبوو لەوەسفی ئەو بەرخودانی شەرڤان دەڵێ:"لە كۆبانی و لای شەڕوانان كەس نازانێ كێ بەرپرسەو كێ شەڕوان، لەوێ كەس فەرماندە نیە، كە تاریك داهات خۆی بشارێتەوە، هەموو لەسەنگەری بەرگری و خۆفیداكردندان، كەسیان خاوەن كۆمپانیاو بازرگانی نەوت نین لەگەڵ داعش، شەڕوانان گیانیان لەپێناو نیشتماندا بەخت دەكەن نەك نیشتمان بكەن بەقوربانی خۆ دەوڵەمەندكردن".

لەو دیمەنانە رۆژی ١٢ی١١ی٢٠١٤ لە ناو كۆبانێ تۆماركرابوون. دەردەكەوێت كە ئەو شەقام و دووكان و ماڵانەی جاران جمەیان دەهات، ئێستا خاڵین بوون بەسەنگەری جەنگ و لە وێرانەیەك

هیچی دیکە نین. ماڵ، بازاڕ، شەقام، ئۆتۆمبێل هیچ شتێك لە جێگەی خۆی نەماوە لە شارەدا، تەنها شتێك کە ماوە ئەم دەنگە کزەی گۆرانییەکی کوردییە، لەگەڵا تروسکاییەکی ئومێد بۆ گەڕانەوەی ئاسایش و ژیان بۆ کۆبانێ. شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و (یەپەژە) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان شانبەشانی یەك لە هەوڵ و تەقەلای بێ وچانن بۆ گێڕاندنەوەی ژیانن بۆ ئەو شارەی وێنەی نەبووە لەمێژوو مەگەر لینینگرات.

لەلایەن هەدەپە و چەندین رێکخراوی کۆمەلگای مەدەنییەوە رۆژی یەکەمی تشرینی دووەم وەك رۆژی جیهانی کۆبانێ دیاریکراوە، لە ٤٧ رۆژەی هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر شاری کۆبانێ لەرۆژئاوای کوردستان . ٢٠١٤/١١/١ لە هەرسێ شاری دهۆك‌و هەولێرو سلێمانیو ناوچەی گەرمیان، بەمەبەستی پشتیوانی و پاڵپشتیکردن لەشاری کۆبانێ خۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجامدەدرا. هەروەها لەچەند ووڵاتێکی ئەوروپاو ئەمریکا چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدرا. لە ٩٢ شار ٣٠ ولات پشتگیریان لە بەرخودان و قارەمانیەتی کۆبانێ کرد.

# گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە شەڕی کۆبانێ

پۆڵات جان وتەبێژی یەپەگە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند ، ئێستا شەڕڤانانی یەپەگە لەگەڵ پێشمەرگە و سوپای سوری ئازادپێکەوە لەدژی داعش دەجەنگن و داعش بێهێز بووە لەناوچەکە، گوتیشی لە ٥٣ رۆژی بەردەوامی شەڕدا لەسەر کۆبانی توانیتیان نزیکەی ٣٠٠٠ تیرۆرستی داعش بکوژن و خۆشیان ٢٥٠ شەهیدیان داوە، بەڵام لە ئامارێکی دیکەدا، کە رۆژنامەی ئاڤێستا بڵاویکردەوە، لە ماوەی ٨٢ رۆژەی شەڕی نێوان چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و شەڕڤانانی (یەپەگەو یەپەژە)دا ژمارەی کوژراوەکانی هەردوولای گەیشتووەتە ١٣٨١ کەس. دەوڵەتی ئیسلامی (٩٠٥) چەکداری کوژراوە، ژمارەی شەهیدەکانی شەڕڤانانی یەپەگە گەیشتووەتە (٤٣١) شەهیدو ژمارەی هاوڵاتی شەهیدیش گەیشتووەتە ٢٧ شەهید.

هەروەها وتەبێژی یەپەگە ڕایگەیاند کە تا ئێستا داعش سێزدە ئوتۆمبیلی خۆکوژی پڕبۆمبای لەناو کۆبانی تەقاندوتەوە لە هەشتەمین رۆژی چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ ناو شاری کۆبانێ ، شان بەشانی شەڕڤانانی رۆژئاوا و پێشمەرگە، سوپای سوریای ئازادیش دەجەنگان. لەئەنجامدا هاوسەنگی هێز بەقازانجی کورد شکایەوە، هەرسێ هێزی پێشمەرگە و یەپەگە و سوپای ئازاد لە سنووری کۆبانێ توانیویانە هاوسەنگی هێز لە دژی چەکدارانی داعش بۆ قازانجی کورد بگۆڕن. بەرپرسانی سەربازی کورد لە شاری کۆبانێ دانیان بەوەناوە کە چەکدارانی داعش کۆنترۆڵکردنی شاری کۆبانێیان زۆر لامەبەست بووە، بۆیە بەهەموو توانایانەوە کە چەکی قورسیشیان بەکارهێناوە، هێرشیان بۆ سەر کۆبانێ هێناوە. سەرەڕایی ئەوەی زیانیان لە کۆبانێداوە، بەڵام لە ئێستادا هاوسەنگی هێز لە شارەکە بۆ قازانجی کورد گۆڕاوە.

لەمبارەوە فەرماندەی یەکینەکانی هێزی پاراستن گەل (یەپەگە) (دژوار خەبات) لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵی تورکی گوتی:"زیاتر لەساڵ و نیوێکە چەکدارانی داعش هێرش دەکەنە سەر کۆبانێ و ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی ئەم شارە بووە. سەرەڕایی ئەوەی لەم دوو مانگەی دوای تیرۆریستان چەکی قورسیان بەکارهێنا لەدژی شەڕوانان، بەڵام هێزەکانی یەپەگە قارەمانانە وەڵامی هێرشەکانیانی دایەوە. شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئێمە و داعش ماویەکی زۆرە بەشەو و رۆژ بەردەوامە، بەڵام لەم

حەفتەی دوایی دا هاوسەنگی شەڕ گۆڕا و خۆشبەختانە دەستپێشخەری بەرەكانی شەڕ كەوتۆتە دەست هێزەكانمان و بە قازانجی ئێمەیە".

لەبارەی گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو شارە (دژوار خەبات) دەڵێت:"لەگەڵ هاتنی برایانی پێشمەرگە هاوسەنگی بەرەی شەڕ بە یەكجاری گۆڕا و لە ئێستادا بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕی تیرۆریستان دەكەین. شەڕ هێشتا بەردەوامە و تیرۆریستانی داعش رووبەڕووی شكستی زۆر گەورە بوونەتەوە، لەڕووی مەعنەوییەوە زۆر لاواز بوون و ئێستا هاوسەنگی هێز بەقازانجی كورد گۆڕاوە".

لە ڕاپۆرتێكی ئاژانسی هەواڵی (رۆیتەرز) ئاماژە بەوە دەكات لەو كاتەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان گەیشتە كۆبانێ هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی گەلی كورددا بە تەواوی گۆڕاوە.

بەرپرسێكی باڵای دەسەڵاتی "كۆبانێ"ش بە "رۆیتەرز"ی ڕاگەیاند "لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشكەوتنی گەورەمان لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی شارەكە بەدەستهێناوە". ئەو بەرپرسە ئەوەشی ڕوونكردەوە كە لە كاتی ئێستادا تیرۆریستەكانی "داعش" كەمتر لە ٢٠%ی "كۆبانێ"یان لە ژێر كۆنترۆڵدا ماوە، ئەوە لە كاتێكدایە كە پێش گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان نزیكەی ٤٠%ی ئەو شارە لە لایەن "داعش"ەوە داگیركرابوو.

شەڕڤانانی یەكینەكانی پاراستنی گەل **YPG** لە نێو شاری كۆبانێ دەڵێن ٨٠% شارەكە لە ژێر كۆنترۆڵی ئەوان دایەو ئاشكراشی دەكەن كاتێك چەكدارانی داعش فڕۆكەكانی هاوپەیمانان دەبینن، زۆر دەترسن و رادەكەن. هەروەها فەرماندەیەكی **YPG** دەڵێت، ستراتیژیەتی خۆیان لە بەرگریكردن بۆ هێرشبردن بۆسەر چەكدارانی داعش دەگۆڕن. بە پێی تازەترین وێنەی نێو شاری كۆبانێ، ژمارەیەكی زۆر لە باڵەخانە و خانووی هاونشتیمانیان بە هۆی هێرێشەكانی داعش وێرانكراون.

چوونی پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستانەوە وای كرد داعش لە هێرشكردنەسەر كۆبانێ بوەستێنێت. چونكە هێزەكانی یەپەگە و یەپەژە هیچ چەك وتەقەمەنییەكیان بەدەست نەدەگەیشت، ئەوەی لەژێر دەستیانەوەشبوو زۆر كەم وكۆنبوون، هەروەها دوومانگ شاری كۆبانێ لەلایەن چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) گەمارۆ درابوو، هێزەكانی یەپەگەش لە

بەرگری دابوون. چەكدارانی داعش زۆرترین توانای سەربازیان هەبوو، بەشێکی زۆری ئەو چەکە پێشکەوتوانەیان لە عێراق دەست بەسەرداگرتبوو بۆ بەرەکانی جەنگی کۆبانێیان هێنابوو، پێشمەرگە چەکی قورسیان لەگەڵا خۆیان بردبوو، هەربۆیە بەگەیشتنی پێشمەرگە هاوسەنگیەکە گۆڕ.

فەرماندەی پێشمەرگە لە کۆبانێ ئەحمەد گەردی لەبەرواری ٢٣ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ لە لێدوانێکی رۆژنامەوانی لەبارەی رەوشی کۆبانێ دەڵێت: "هەرچەندە هەر لەگەڵ هاتنی پێشمەرگە ئاراستەی شەڕ گۆڕاوە بەڵام داعش لەگەڵ تۆپبارانکردنی ئێمە ئەوانیش تۆپبارانیان هەیە. پێشڕەوی پێشمەرگە لە میحوەری رۆژهەڵات بووە کە هێزەکانی هاوپەیمانان بەیارمەتی پێشمەرگە توانیویانەوە نزیکەی کیلومەترێك بەرەو پێش بچن.کۆبانێ پاك دەکرێتەوە و داعشیش وەکو جاران لە کۆبانێ نەماوە و ئێستا داعش چاوەڕوانی ئەوەن کە هۆیەك بدۆزنەوە و بکشێنەوە لە سنووری کۆبانێ".

ئەحمەد گەردی باسی لە رۆڵی هاوبەشی پێشمەرگە و هێزەکانی یەپەگە کرد و دەڵێ:"یەپەگە و پێشمەرگە بەیەکەوە شەڕ دەکەن بەڵام هەر لایەنەك بەکاری خۆی هەڵدەستێ بۆ نموونە پێشمەرگە وەك هێزی پشتیوانی چەکی قورس بەکار دەهێنی و چەکەکانمان لە تۆپی ٥٧ و راجیمەی ١٢٠ و **spc** چەندین چەکی قورسی دیکە پێك هاتووە. لەبارەی زیانەکانی شەڕ لە کۆبانێ فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە رایگەیاند:"لەگەڵ گەیشتنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ زیانی شەڕ بۆ هێزەکانی کورد کەم بووەتەوە بەڵام چەکدارانی داعش نزیکەی ٢٠٧ تەرمیان لە ژێر خانووەکانی رووخاو ماون و زیاتر لە ٦٠ تەرمیان بەدەست خۆیان کەوت و چەك و تەقەمەنییەکی زۆری ئەوانیش کەوتووەتەدەست هێزەکانی کورد".

ناوبراو هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێت: "پێشمەرگە و یەپەگە پێویستیان بەهیچ نییە، ئەوان لە کۆبانی زۆر بەهێزن بە ووره بەرزی شەڕ دەکەن، لە بواری هێزی پشتیوانیش هیچ کێشەیەکیان نییە و چەکی پێویستمان لایە. لەبارەی هاوکارییەکانی نێودەوڵەتی گەردی دەڵێ، لە هەموو روویەکەوە هاوکارییەکان باشن، ئەوان لە رووی ئیداری و پلانەکانی ژووری عەمەلیات، بەشداری باشیان هەبووە".

هەوەرها کەسێك بە ناوی ئەبو ئیبراهیم کە بە فەرماندەیەکی شۆڕشگێڕانی ڕەقە پێناسەکراوە بە ئاژانسی دەنگوباسی ئەناتۆلیای گوتووە ٩٠% ی کۆبانی لە ژێر دەستی لەشکری ئازادی سوریا و هێزە

کوردییەکاندایە. کەچی لە کاتی هاتنەوەی پێشمەرگەکان بۆ هەولێر لە فرۆکەخانە وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند، لە کاتی چوونی پێشمەرگە بۆ شاری کۆبانێ سەدا ٢٥ شارەکە لە دەستی شەرڤانان بوو، بەڵام دواتر مۆراڵی شەرڤانان بەرزبویەوە، سەدا ٥٠ رزگارکرا.

مەیسا عەبدوڵا کەناسراوە بە نارین عەفرین فەرماندەی گشتی هێزەکانی کۆبانێ (یەپەگەو یەپەژە) رایدەگەیەنێت: دوای ١٠ هەفتە لە بەرگری و بەرخودان ئاراستەی هێز لە قازانجی شەڕڤانانی کوردایە و تیرۆرستان بەتەواوەتی لاواز بوون ، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەهێشتا مەترسیەکان لەسەر کۆبانێ بەردەوامن. لەهەر کوچەو کۆڵان و شوێنێکی کۆبانێ هێزەکانمان بڵاوەی تێدا کراوەو هێزەکانمان دەیانەوێت تەواوی ناوچەکە بەگوندەکانیش کەلەژێر دەستی تیرۆرستاندان بەتەواوی پاك بکەنەوە، پێشڕەوییەکانیشمان لە بەرەی رۆژهەڵات و رۆژئاوایی بەردەوامن و دۆخەکە بەتەواوی کۆنترۆڵی هێزەکانماندایەو لە بەرەی رۆژئاواش هەرچەند بەشێکی کەم لەژێر کۆنتاۆڵی داعشدایە بەڵام هێزەکانمان لەپێشرەویدان.

لە راستیدا وا نیشاندانی کۆبانێ کە زۆربەی ناوچەکانی لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش پاککراوەتەوە. هێزە کوردییەکان چیتر پێویستیان بە یارمەتی نییە، زیانی گەورە بە کۆبانی دەگەیەنێت. لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەوان مستەفا بالی لە ناو کۆبان دابوو، بۆ دەنگی ئەمەریکا ئەو هەواڵانە رەتدەکردەوە رایگەیاند، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە زیان بە کۆبانی دەگەیەنێت، چونکە پەیامێکی وەها دەدات کە ئیدی کۆبانی پێویستی بە کۆمەك و یارمەتی نییە. رزگارکردنی کۆبانی نەك پێویستی بە پاککردنەوەی کۆڵان بە کۆڵانە، بەڵکو دەبێت ژور بە ژوری ماڵی ئەو شارە پاکبکرێنەوە، بەهۆی ئەو هەموو بۆمب و تەقەمەنییانەی چەکدارانی داعش دایانناوە.

سەرەنجامی بەکەم نیشاندانی مەترسییەکانی داعش، هێرشی بەرەبەیانی رۆژی ٢٩ی ١١ی ٢٠١٤ لێدەکەوێتەوە، کە چەکدارانی داعش بە تانك و ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو و خۆکوژ لە چەندین قۆڵەوە هێرشێکی گەورەی کردەوە سەر شاری کۆبانی و دەروازە سنووری مورشید پینار ، بەڵام لە لایەن ەێزەکانی یەپەگە و پێشمەرگە و هێزی شەمس ئەلشەمالی لەشکری ئازادی سوریا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان بە توندی وەڵامدراوە. بەپێی سەرچاوەکانی نێو یەکینەکانی پاراستنی گەل چەکدارانی داعش لە ناوچەی سایلۆی دانەوێڵەی دیوی تورکیاوە هاتوون و هەر لە دەروازەکە

ئۆتۆمبیلێکی پڕ تەقەمەنییان تەقاندووە. پاشان لە قۆڵەکانی دیکە شەڕی توند هەڵگیرسایەوە، داعش بەهۆی ئەم هێرشە بە دەیان کوژراو و بریندار زیانی گیانی هەیە و هەروەها ٣ تانکی تێکشکا کە یەکێکیان بە دەستی هێزە کوردییەکان و دووانەکەی دیکە بە بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان.

یەکینەکانی پاراستنی گەل و کۆمەڵەی چاودێری مافەکانی مرۆڤی سوریا بنکە لە بەریتانیا دەڵێن چەکدارانی داعش لە خاکی تورکیاوە هێرشەکەیان دەستپێکردووە. هەروەها ڤیدیۆشیان بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا نیشان دەدرێت لە دیوی سایلۆی دانەوێڵەکەوە تەقە دەکرێت. بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوای شەڕێکی سەخت، شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل توانییان دەروازەی سنووری مورشیدپنار کۆنترۆڵ بکەنەوە. ناوەندی چاپەمەنی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لە بەیاننامەیەکدا لە ڕۆژی ٣٠ی١١ی٢٠١٤، هاتووە، تیرۆرستانی داعش سنوری تورکیا بۆهێرشکردنە سەر کۆبانێ و هێزەکانی یەپەگە بەکاردەهێنن. هەروەها بەپێی ئامارەکانی یەپەگە لەو ماوی ئەو دوو ڕۆژە لەسەروی ٩٠ داعشیان کوشتووەو زیانێکی زۆریان بەو تیرۆرستانە گەیاندوە لەو ناچە سنوریەکان دەریان کردوون.

لەشەڕەکەی مورشد پنار فەرماندە عزەدین گەنجۆ کە لەناو شەڕڤانانداندا بە (ئەبو شێرۆ) ناسراوبوو لەگەمارۆیەکی تیرۆرستاندا کە شەڕڤانان ژیانیان کەوتبووە مەترسیەوە خۆی بەتیرۆرستاندا تەقاندەوەو ژیانی هاوڕێکانی ڕزگار کرد.

# پێگەی ژنان لە شەڕی کۆبانێ

شەڕی کۆبانێ سەرنجی هەموو جیهانی بۆخۆی راکێشاوە. رۆژانە بە رووداوەکان و هەواڵەکانی کوبانێ سەرسام دەبن. بەڵام ئەوەی زیاتر سەرسامی کردبوون، ئەو ژنە شەڕڤانانەن کە رۆژانە لەگەڵا دڕندەترین گرووپی سەدەی بیست و یەکەمدا دەجەنگن. لەگەڵ گرووپێك کە یەکەم قوربانیی دەسەڵادارێتیان، ژنان خۆیانن. ژنانی کورد لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ لە شاری کۆبانێ، رۆڵێکی گەورەیان لە ئەستۆگرتبوو بۆ بەرخودان لە شارەکەیان و هەروەها قارەمانانە بەرامبەر بە هێرشەکانی گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) وەستاونەوە شەڕڤانانی یەکێنەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) کە بە تەواوی لە ژنان پێکهاتبوون، ژیانی خۆیان لە پێناوی پاراستن و ڕزگارکردنی باژێڕ و خەڵکەکەیان بەختکردووە، بوونە مایەی سەرسامکردنی جیهان بۆ ئازایەتییان کە چۆن ژنان نابێت بە تەنها ملکەچی ئەوە بن کە ببنە قوربانی شەڕ، بەڵکو دەتوانن چەك هەڵبگرن و داکۆکی لە خۆیان و خەڵك و خاکەکەشیان بکەن.

لەمبارەوە فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان یەپەژە (هەبون درێك) لە باسی بەشداری چالاکی ژنان لە بەرەکانی شەڕ لەدژی چەکدارانی داعش دەڵێت:"ئێمە وەکو یەپەژە لە بەرەی پێشەوەی شەڕداین، ئەندامانمان لەگەڵ ئەندامانی یەپەگە و هێزی پێشمەرگە لە یەك سەنگەری بەرگریدان. ئەندامانی ئێمە زۆرتر کاری ئامادەکردنی چەك و تەقەمەنی دەکەن، لە شەڕی کۆبانێ هێزی ژنان توانیان بۆ جیهانی بسلەمێنن کە ژنان دەتوانن رۆڵی بەرچاو بگێڕن لە شەڕ و بەرگریکردندا".

ژنانی کۆبانێ ئەو ژنانەن کە دوێنێ بە تیرۆریست ناسرابوون و ئەمڕۆ بۆ هەموو ژنانی جیهان سیمبولی بەرخۆدانن. ئەوان سەلماندیان ئەگەرچی ژن تا ئێستا دەرفەتی پێنەدراوە، بەڵام تواناکانی لە پیاو کەمتر نییە. ژنانی شەڕڤانی کورد لە کۆبانێ، وەچەرخانێکی نوێیان لە مێژووی خەباتی ژنانی کورد ئەنجامدا. لە قوژبنێکی ئەم جیهانەدا مێژوویەکی دێرین تۆمار دەکەن کە تا پێش ئەو جەنگە بە دەگمەن ناویان بیسترابوو، دەگمەن کەس دەیزانی لە کوێیە. ژنانی رۆژئاوا لە کۆبانێ هاوکات لەگەڵ شەڕ بۆ نیشتمان بە کردەوە پێگەی سیستەمی پیاوسالارییان لێژ کردووە، ئەو سیستەمەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەناسرێتەوە.

وەچەرخانێك لە مێژووی بەرخودانی کورد

ئـاری عەبدوڵڵا

بەرگریکردنی قارەمانانەی ژنانی کۆبانێ وەستانەوەیان لە بەرامبەر دڕندەترین گرووپی تیرۆرستی دژ بە مرۆڤایەتی لەو چەرخە، وایانکرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بێدەنگی بەرامبەر بە کۆبانێ بێتەدەر هەڵوێست وەربگرن و پشتیوانی لەو هێزانە بکەن کە لەوێ دژ بە داعش دەجەنگێت.

لە سەروبەندی دەستپێکردنی گەمارۆی کۆبانێ (نارین عەفرین) سەرپەرشتی تەواوی ئەو هێزانە دەکات کە لەناو کۆبانێدان، بەرخودانی کۆبانێ رەنگدانەوەی گەورەی دەبێ و دەبێتە مانشێتی بەشێکی زۆری رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕە چیهانیەکان بەتایبەت سایتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست وەکو ئاژانسی فرانس پرێس بڵاوی کردبووە:" نارین عەفرین وەك هەڵۆیەك یان وەك بایەیەك وایە لەپرێکدا لە باشورەو دواتر لە باکوریش دەبینرێت، ئەمە جگە لەوەی دڵی شەرەڤانەکان دەداتەوە یان چەکەکەی بەرزدەکاتەوەو دوژمنەکانی راودەنێت. کەسێکی نزیك لەو ژنە فەرماندەیە بەناوی باهۆز هۆدانی کە خەڵکی ناوچەی عەفرینە لەبارەی نارینەوە دەڵێت:" خۆزگە دەمزانی ئەو توانایەی لەناو دڵ و چەستەی ناریندا چەند گەورەیە کەی کۆتایی پێدێت، خۆراگر و زیرەك و جەسور بۆ نیشتمانەکەی چاوەکانی دەکات بەهەزار چاو، قاچەکانی وەك قاچی پڵنگ هەنگاوە دەنێن و بەباڵەکانی باڵدەگرینەوە، ئەو خەونی هەیە بۆیە وایە، ئەو لەپێناو ئیرادەیەك پەروەردەکراوە کە ناتوانرێت بەئاسانی بوەستێنرێت و لەو ئاوات و ئارەزوەی وازبەێنێت".

سەبارەت بەرۆڵی هێزەکانی یەپەژە لەبەرخودانی کۆبانێ (نارین عەفرین) فەرماندەی هێزەکانی (یەپەگە و یەپەژە) لە کۆبانێ، رایدەگەیەنێت، ژنان لەکۆبانێ بەرخودانێکی مەزن دەکەن، بەشێوەیەك کە تیرۆرستانیان وەرەس کردووەو بوونەتە مایەی سەرسوڕمان بۆ هەموو جیهان، ئەوان لەشوێنی تەواوی ژنانی جیهان شەڕدەکەن وە بەرخودانەکەیان بەتەواوی جیهاندا بڵاوەی پێکراوەو توانای ژنی کوردی بەتەواوی جیهان ناساندووە، کە ئەوە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە، بەرخودانی کۆبانێ ئێستا هاوشێوەی بەرگری و خۆڕاگری ستالینگراد بەراورد دەکرێت، تەنانەت بەشێکی زۆری ژنانی یەپەژە لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگن و بەرگری دەکەن، ئەو بەرخودانەی ژنانی کورد بۆ تەواوی جیهان دەیسەلمێنێت کە ژنان توانای زاڵبوون بەسەر تەواوی کێشەکانیانەوە هەیە و دواتر رەنگدانەوەی ئەم بەرخودانەی ژنانی کورد لە کۆبانێ رەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ئاستی جیهان دەبێت.

لەپەلامارەکەی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ شەرڤانانی کورد لەگەڵێك داستانی بێ وێنەیان تۆمارکرد. لەسەرەتای شەڕی کۆبانێ و پەلاماری تیرۆرستان فەرماندە (ئارین میرکان) بۆ رزگارکردنی هاوڕێکانی لەگردی مشتەنور خۆی بەتیرۆرستانی داعشدا تەقاندەوەو ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن و هاوڕێکانی رزگارکرد. ئارین میرکان ، ئەو کچە شەڕڤانەی کە لە رۆژی ٢٠١٤/١٠/٥ دا خۆی بە هێزێکی داعشدا تەقاندەوە لە بەرزایی مشتەنور لە کۆبانێ . ئارین میرکان ناوی راستەقینەی (دیلارا شوکری) یە خەڵکی ناوچەی عەفرینی رۆژئاوای کوردستانە، یەکێکبوو لە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) یەکێکی دیکە لە قارەمانیەتیەکانی دیکەی (ئارین میرکان) لەگرتە ڤیدیۆیەکدا باسی شەڕێکی دەکات لەگەڵ چەکدارانی داعش،کە لەلایەن ئاژانسێکی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی **PYD** بڵاوکراوبووە. لە ڤیدیۆکە دەگێڕێتەوە، رۆژێك چوار چەکداری داعشی بینین لە نزیکی سێ چوار مەترەوە ، زۆر بە ئاسایی دەهاتن و دەچوون، گوتی منیش وامزانی هەڤاڵن ، بۆیە بانگیان دەکات، هەڤال هەڤال . ئەوانیش بە ئەللاهو ئەکبەر کردن وەڵامدەدەنەوە، ئەویش یەکسەر دەزانێت کە چەکداری داعشن، دەڵێ لەوکاتەدا دەستپێشخەری لێکردوون و هەر چواری کوشتوون.

وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری کلنتن لە ٣ی ١٢ی ٢٠١٤ لە میانەی بۆنەیەك لە زانکۆی جۆرج تاون بە ناوی" هێزێکی ژیر و ئاسایش لە رێی رێبەرایەتییەکی گشتگیر" ئاماژەی دا بە شەڕی سوریا و رۆڵی ژنان لەو شەڕەدا. گوتی لە نێو کوردان یەکەکانی پێشمەرگە ژنانیش بەشداری تێدا دەکەن، بەڵکو شەڕڤانانی ژنان یەکینەی تایبەتی خۆیان پێکهێناوە کە تێکڕای ژنن. شەڕڤانە ژنەکان شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان شەڕ دەکەن و یاخود خۆیان بە تەنها شەڕ دەکەن.

هیلاری کلنتن گوتی دەبێت وەك بەشێك لە پێکهێنانی هێزێکی ژیر ژنان رۆڵێکی گەورەتریان بدرێتێ لە پێناوی چارەسەری قەیرانەکان و لە میانەی هەوڵەکانی لەشکری لە سەرانسەری جیهاندا. گرنگی پشتیوانی ژنان کە نەك تەنها وەك قوربانی شەڕ تەماشا بکرێن، بەڵکو دەتوانن رۆڵێکی گەورەیان هەبێت بۆ هێنانە دی ئاشتی و گۆڕانکاری بە تایبەتی لە شەڕی سوریادا.

# ڕێککەوتنی حزبەکانی ڕۆژئاوا
## ڕێککەوتننامەی دهـۆك

نزیکەی دوو ساڵە لە ڕۆژئاوای کوردستان، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) سێ کانتۆنی دامەزراندووە، لەگەڵ دروستکردنی هێزێکی سەربازی و ئاسایش، بەڵام **ENK-S** دانیان پێدانانێت. دوای هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ بارودۆخێکی لەباری دروستبوو تا لایەنەکانی ڕۆژئاوای لێکنزیبنەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێن هیچ چارەکیان نەما تەنها ڕێککەوتن، هەربۆیە ڕۆژی ١٤ی ١٠ی ٢٠١٤ لە شاری دهۆك وەفدێکی هاوبەشی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە) و تەڤگەری جڤاکی دیموکراتیك (تەڤدەم) دەستیان بەکۆبونەوەکان کرد. هەرچەندە لە سەرەتادا شرۆڤەکاران پێیانوابوو زۆر ئەستەمە لایەنەکانی ڕۆژئاوا بگەنە ئەنجام، چونکە تورکیا، ئێران، سووریا، قەندیل، هەولێروسلێمانی بەشداری ناڕاستەوخۆی کۆبوونەوەکانیان دەکەن.

ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی ١٠ی ٢٠١٤ لە شاری دهۆك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەفدێکی هاوبەشی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە) و تەڤگەری جڤاکی دیموکراتیك (تەڤدەم) کۆبۆوە. وەفدی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سوریا لە سکرتێری پارتەکانی ناو ئەنجوومەنەکە پێکهاتبوو، هەروەها وەفدی تەڤگەری جڤاکی دیموکراتیك بریتی بوو لە سەرکردایەتیی تەڤدەم. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بارزانی لە وتەیەکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئێستا گەلەکەمان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پێویستە هەموو لایەك لە جاران زیاتر کار بۆ یەکڕیزی بکەین، چونکە ئەو هەڕەشەیەی هەیە لەسەر هەموو کوردە نەك لەسەر لایەنێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو.

سەرۆکی هەرێم بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانیی لە کورد بە هەنگاوێکی گرنگ و دەرفەتێکی زێڕین لەقەڵەم دا و ڕایگەیاند:" ئێستا کورد تاکە هێزە کە لە بەرانبەر داعش شەڕ دەکات و تیرۆریستان توانیویانە سوپای دوو دەوڵەت بشکێنن، بەڵام تەنیا لەبەرەی شەڕ لەگەڵا کورد شکاون، بۆیە زۆر گرنگە ئێمەی کوردیش یەکڕیزیمان پیشانی دنیا بدەین و پێویستە هەموو ناکۆکییەکان وەلابنێین و بەیەکەوە بەرگری لە کەرامەتی گەلەکەمان و خاکمان بکەین، ئەوەش

ئەرکێکە لەسەرشانی هەموومانە و لەسەرووی هەموو ئەرکێکی دیکەیە. لەو دانیشتنەدا بارزانی داوای لە هەموو لایەنە کوردییەکانی رۆژئاوا کرد کە زۆر بەجیدی گرفتەکانیان چارەسەر بکەن و روانگەیەکی ستراتیژییان بۆ دوارۆژی گەلەکەمان لە رۆژئاوا هەبێت و ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ئامادەی هەر هاوکارییەکین و درێغی ناکەین. شەڕ دژی داعش بۆ گەلەکەمان چارەنووسسازە و ئەو بەرگرییەی لە کۆبانێ هەیە جێی تەقدیرە و سەرکەوتنی کورد لە هەر شوێنێك سەرکەوتنی هەموومانە. ئەو بەدەنگەوە هاتنەی هاوپەیمانانیش بۆ بەرگریکردن لە کوبانێ مایەی پێزانینە و لای من کوبانێ و هەولێر جیاوازییان نییە، بۆیە ئەوەی لەدەستم هاتبێ درێغیم نەکردووە ئەوەی بۆ پاراستنی هەولێر کردمان بۆ کوبانێش کردوومانە و ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتییەی بۆ پاراستنی کوبانێ کرا وەك ئەوە دەزانین کە بۆ پاراستنی هەولێر کرا".

سەبارەت بە کۆبونەوەی لایەنەکانی خۆرئاوای کوردستان کە ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك لە شاری دهۆك بەردەوامی کۆبونەوە. بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتنە رێککەوتن، لە بەرواری ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان رێککەوتننامەی دهۆکیان واژۆکرد. لەمەڕ رێککەوتنەکە بارزانی رایگەیاند:"بەدەسپَکی سەرکەوتنی گەلی کوردی دەزانم لە رۆژئاوی کوردستان". هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە لە سووریا (ئەنەکەسە) و تەڤگەری جڤاکی دیموکراتیك (تەڤدەم) لە شاری دهۆك لەبارەی بەڕێوەبردنی رۆژئاوای کوردستان رێککەوتنێکی دوولاپەڕیان واژووکرد. هەردوو لایەن لەسەر سێ خاڵ رێککەوتن.گرنگترین خاڵەکانی رێککەوتننامەکە بریتیبوون لە:

١. مەرجەعیەتێکی سیاسی هاوبەش.
٢. ئیدارەی هاوبەش.
٣.هێزێکی هاوبەش.

سەبارەت بە دروستکردنی ئەنجوومەنێك وەك مەرجەعی سیاسی رۆژئاوای کوردستان، لایەنە سیاسییەکان رێککەوتوون لەسەر ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە لە ٣٠ ئەندام پێکبێت. پشکی هەردوو پێکهاتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) و تەڤگەری جڤاکی دیموکراتی (تەڤدەم) وەك یەك بێت و هەر لایەکیان ١٢ ئەندامیان دەبێت. ئەو شەش ئەندامەی دەمێننەوە، لەلایەن ئەو ٢٤ ئەندامەی پێشتر هەڵدەبژێردرێن.

رێككەوتنی لایەنەكانی رۆژئاوای كوردستان لەو باردۆخە جەنگاویەی رۆژئاوا و باشووری گوردستان بە سەركەوتنێكی سیاسی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی هەژماردەكرێت. گشت كورد چاوەڕێی سەركەوتنی سەربازی دەكەن و هەموو جیهانیش بەسەرسامیەوە چاودێری رۆیشتنی هێزی پێشمەرگە و بەرخودان و خۆڕاگری كۆبانێ دەكەن.

حەقیقەتێك هەیە نابێت نكۆڵی لێبكرێ، تاوەكو هەولێر و قەندیل لە یەكتر نزیك نەبنەوە كێشەكانی رۆژئاوا هەروا بەهەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، لەو قۆناغە بۆ سەرخستی پرۆژەی نەتەوەیی و بە ئامانج گەیاندنی (رێككەوتننامەی دهۆك)ی نێوان حزبەكانی رۆژئاوای كوردستان پێویست دەكات، كە پارتی و پەكەكە رێككەوتنێك لەسەر ئاستێكی باڵای ستراتیژی ببەستن. هەروەها رێككەوتننامەی دهۆك فراوانتر بكرێت شۆڕبێتەوە بۆ سەر پارچەكانی تری كوردستان بەتایبەتی رۆژهەڵاتی كوردستان، بەڵكو رزگاریان دەبێ لەو مەعمەعە سیاسیە تێیكەوتون. سەنگەربەندی نێوان تێكبشكێنن. بە پرۆژەیەكی ستراتیژی فراوانتر مواجەهەی كێشەكانی ئەو پارچەی كوردستان ببنەوە.

ئاڵدار خەلیل لە میانی دیدارێكی رۆژنامەوانی بەڕوونی رۆڵی كەجەكە و مسعود بارزانی لە رێكەوتنەكە خاستەڕوو. ئەزمونی رابردووش سەلمێنەری ئەو راستییە، ئەگەر ئەو دوو هێزە (پ.ك.ك) و (پ.د.ك) پەڵهاوێژو پاوانخوازییەكانیان بۆ پارچەكانی دیكەی كوردستان نەوستێنن وەكو ئەو وایە هیچ نەكرایە. بەدیوێكی دیكە دەبێت دەست لە كاروباری هێزەكانی رۆژئاوای كوردستان لە دژی یەكتر هەڵبگرن، یاخود ئەو رێككەوتنەی كە لە سەرەوە باسكرا لە نێوان نەبەسترێت، ئەوا هەزار رێككەوتنی هاوشێوەی (رێككەوتننامەی دهۆك) فلسێكی سوتا ناهێنێ. چونكە رێككەوتنامەكانی رابردوو وەڵامدەرەوەی ئەو راستیەن، بۆ نمونە (رێككەوتننامەی هەولێر ١ و ٢) بەستەڵەكی پەیوەندی نێوانیان نەتوایەوە، تەنها برگەیەكیشی لەسەر ئەرزی واقع نەهاتە جێبەجێ كردن.

لە حەقیقەتدا كۆتگرەی نەتەوەیی یەكێك لە پێویستیەكانی ئەو قۆناغە بوو كاتی بەستنیشی گەیبوو، لە رێگەیەوە دەتوانرا بزاڤی رزگاریخوازی كوردی رێكبخرێتەوە روح بەبەر پەیوەندی هێزە ناكۆكەكانی ئەو بزاڤە بداتەوە. روانگەیەكی روون و گوتارێكی موەحەد دروست دەكرد، رزگاردەبوون لەو فرە مینبەرییە. بەڵام كە نەبەسترا هەلەیەكی مێژوویە درێژەی پێدەدرێت. سەرباری نەبەستی

كۆنگرەكە، بۆ پەڕینەوە لەو هەڵومەرجەو سەرخستی قۆناغی هەستیاری بزاڤی رزگاریخوازی كوردستان هەر دەبێت (پ.د.ك) و (پ.ك.ك) رێكبكەون.

# دەرئەنــجام

١. توركیا بە هەر نرخێك بوایە دەیەویست پەیەدە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر رژێمی ئەسەد بگۆڕێ، لەو شێوازە مامەڵە دیبلۆماسیەتەوە بۆ شەڕی ئەسەد بگۆڕێت.

٢. توركیا هەوڵیدەدا بەشێك لە خاكی رۆژئاوای كوردستان داگیربكات بەناوی ناوچەی دابڕاو، ئەگەر گڵۆپی سەوزی لەلایەن ئەمەریكاوە بۆ داگیرسا بۆ داگیركردنی بەشێك لەخاكی رۆژئاوای كوردستان لەسەر سنوور، ئەوا توركیا بەشداردەبوو لە لێدانی داعش. ئەوەی بەلای حكومەتی توركیاوە گرنگە نەهێشتنی ئەو سیستەمە خۆبەڕێوەبەرایەتییەی رۆژئاوای كوردستان، ناچاركردنی كوردانی رۆژئاوای لە چوارچێوەی سووریا بمێننەوە.

٣. سەركەوتنی داعش لەو بەرەیە و گرتنی ئەو شارەی سەر سنووری توركیا، مۆراڵی چەكدارانی داعش لەسەرجەم بەرەكانی شەردا بەرزدەكردەوە، هەروەها شكستی هاوپەیمانییەتیەكەی ئەمریكای دەردەخست.

٤. هیچ كات توركیا نەیویستوە كوردانی عێراق و سوریا لەو گۆڕانكارییە خێرایانەی ناوچەكە سودمەندبن و بە ئاواتی دێرینەو لە مێژینەی خۆیان بگەن، كە دروستكردنی دەوڵەتی كوردییە.

٥. لە هێرشی چڕی داعش بۆ سەركۆبانێ، ئەوەی قازانجی كرد بەشار ئەسەد بوو، چونكە ئەو فشارەی جارانی لەسەر نەمابوو هەموو چاوەكان كەوتنە سەر كارە دزێوەكانی داعش، هەروەها داعش خۆی تەركیزی هەموو دنیا خستە سەر كۆبانێ لە عێراقیش بەخشپەیی بەرەوەی پایتەختەكەی پێشڕەوی كرد.

٦. بەگەواهی زۆربەی شارەزایانی سەربازی، سەرەتای شكستی بەرفراوانی چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە كۆبانێ دەستی پێكرد.

٧. بەرگری قارەمانانە لە شەڕی كۆبانێ بووە وێستگەیەكی كۆكردنەوەی كوردان و جیاوازییەكانیان خاڵیبووە، رێككەوتننامەی دهۆكی لێ بەرهەمهات، تاڕادەیەك ناكۆكییەكانی نێوان (پ.د.ك) و (پ.ك.ك) بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی دەنا، هەوەها بۆ یەكەمجاربوو بەفەرمی هێزی پێشمەرگەی كوردستان سنوری دوو وڵات ببڕێت و بۆ پاڵپشتی بچێتە سەنگەری براكانی لە خاكی كوردستان.

# پەراوێزەکــان

١. د.أحمد محمود خليل ، هكذا هم الكُرد سلالة القوّة المُرعِبة.. وقومٌ أولو بأس شديد ، وەرگێڕانی ئەسعەد قەرەداخی ، هەفتەنامەی باس ، ژمارە (٢١٢) ، ٢٠١٤/١١/٢٠ .
٢. ئاژانسی ئەنادۆڵ.
٣. وكالة اخبارية رويترز .
٤. وكالة فرانس برس .
٥.ئاژانسی هەواڵی فرات نیوز- ANF .
٦. هەفتەنامەی رووداو ، ژمارە ٣٣٠ ، ٢٠١٤/١٠/٢٠ .
٧. هەفتەنامەی ئاوێنە ، ژمارە ٤٤٩ ، ٢٠١٤/١٠/٢١ .
٨. ماڵپەڕی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی.
٩. بەختیار شارەزوری ، (تورکیا و پەکەکە...پەیەدە و داعش..بەرە و کوێ) ، ماڵپەڕی دەزگای راگەیاندنی ستاندەر.
١٠. ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشیەتد پرێسی.

**5. The guardian..The Observer, Saturday 22 November 2014. Revealed: UK ‘mercenaries’ fighting Islamic State terrorist forces in Syria.**

**6. Agency Daily News.**

**7. NewsPaper Der Standard Nachrichten in Echtzeit.**

**8. NewsPaper Vatan Turkish NewsPaper.**

**9. The New York Times**

**10. Canadian foreign policy newspaper.**

**11. Agency euronews.**

**12. The Washington post.**

**13. NewsW ceek , Kobane Diary: 4 Days Inside the City Fighting an Unprecedented Resistance Against ISIS.**

وەچەرخانێك لە مێژووی بەرخودانی کورد

ئـاری عەبدوڵڵا




COME UP HERE IF YOU DARE, ISLAMIC STATE!
USAF
CHAPPATTE




1 MILE

## بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان لە شاری کۆبانێ






دەربازبونی پێشمەر بۆ کۆبانێ

ئـاری عەبدوڵلا



پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ






ڕێکـــکەوتننامەی دهـــۆك



ستیفان دی میستورا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سوریا. نەخشەی شاری کۆبانێ هەڵگرتووە لە کۆنگـــرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە بارەگـــــای نەتەوە یەکـــــگرتووەکان لە جنێف لە (1ی ئۆکتۆبەری 2014) داوای بەدەمەوە چـــوونی خـــێرای بـــــــۆ شـــاری کـــۆبانێ دەکـــات.



شەرڤانانی کوردی (یەپەژە و یەپەگە)










نەخشەی هێرشی داعش بۆ سەر شاری کۆبانێ





پەرلـەمانی کوردستان ڕۆژی دەرچونی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ




11/1ڕۆژی جیهانی کۆبانێ



ئەبو شێرۆ

بـــۆ ڕزگارکـــردنی
هاوڕێکانیان خـۆیان
بە تیرۆرستانی داعش
تەقاندەوە ژمارەیەکی
زۆریان لــــێکوشتن



ئارین میرکان



هەولێر  چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کۆبانێ



قافلەی هێزی پێشمەرگە لە ناو ئاپۆرای جەماوەری کوردانی باکوری کوردستان



## شەڕڤانانی بیانی لە شاری کۆبانێ



**لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، چاخێک تێپەڕی و بەراییی چاخێکی نوێ پشکووت.**
**هەموو ڕۆژێ دەمەوێ داستانێک بنووسم لەسەر کۆبانێ... سارد دەبمەوە.**
**چما داستان لەسەر داستان دەنووسرێ؟**
**دەمەوێ، بۆ چەند پەیڤێک، پەنا ببەمە بەر ئەفسانە، چەند پەیڤێک، کە شایانی بەژنی کۆبانێ بن، بەڵام کۆبانێ خۆی بووە بە ئەفسانە و پێویستی بە ئەفسانەنووس نییە!**
**عەبدوڵڵا پەشێو**

# کۆتایی

**مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ دەزگاری راگەیاندنی ستاندەر... لە داهاتویەکی نزیك لە چاپ دەدەرێت**


ARY ABDULLAH
KOBANÊ
weçerxanêk le mêjuwî berxudanî kurd